# پاڵنەرە ئابورییەکانی ئەنجامدانی تاوانەکانی دەستدرێژیی سەر پارە و سامان - توێژینەوەیەکی تیۆری شیکارییە

**روستم صابر مصطفی[1] زانا احمد بیرداود[2]**

[1,2] بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

پرسی سەرەکی ڕونکردنەوەی ئەو پاڵنەرە ئابورییانەیە, کە دەبنە هۆی دەستدرێژیکردنە سەر پارە و سامان، ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتیین لە: ئاشکراکردنی پاڵنەرە ئابورییە گشتییەکان، وەکو؛ بەرەوپێشچونی دۆخی ئابوری و ناجێگیری دۆخی ئابوری)، هەروەها پاڵنەرە ئابورییە تایبەتییەکان، وەکو؛ (هەژاری و بێکاری) پەیوەندییان بە تاوانەکانی دەستدرێژیی سەر پارە و سامانەوە هەیە. لە توێژینەوەکەدا میتۆدی وەسفی شیکاریی بەکارهاتووە. جۆری توێژینەوەکەش، توێژینەوەیەکی تیۆری شیکارییە. لەبەر ڕۆشنایی ئاراستە تیۆرییەکانی وەکو: تیۆری سیستەمی سەرمایەداری و تیۆرەکانی وردەکەلتور. ئەم توێژینەوەیە پشتیبەستووە بەو کارە زانستییانەی لەم بوارەدا بەجێهێنراون، توێژینەوەکە بەم ئەنجامە گەیشت: سیستەمی سەرمایەداری لە بەڕێوەبردنی ئابوری وڵات، دەبێتە هۆکارێك بۆ دروستبونی تاوانەکانی دەستدرێژیکردن بۆ سەر پارە و سامانی خەڵك، بۆ بەدیهێنانی قازانجی زۆر و ئابوری باشتر لەلای سەرمایەداران. سەبارەت بە تیۆری لێکنەچونی هەل لە توێژینەوەکەمان دەرکەوتووە، نەبونی دەرفەتی ڕەوا بۆ گەیشتن بە ئامانجە کۆمەڵایەتی و ماددییەکان لەلای چینە هەژارەکاندا، دەرگای تاوانەکانی دەستدرێژیکردن بۆ سەر پارە و سامانی خەڵك دەکاتەوە. بەرەو پێشچونی دۆخی ئابوری لە کۆمەڵگا؛ بەتایبەتی لە کەرتی پیشەسازی و بازرگانییدا، لەگەڵ لاوازی چاودێریی ڕێسا و یاساکانی کۆمەڵگا، دەبنە پاڵنەرێك بۆ دروستبونی تاوانە داراییەکان، بەتایبەت فێڵ و هەڵخەڵەتاندن و ناپاکی لە ئەمانەت، لەپێناو هەوڵی باشترکردنی باری ئابوری و دەوڵەمەندبون و تێرکردنی ئارەزووەکان. لە هەمانکاتدا دەرکەوت ناجێگیری دۆخی ئابوری لە نرخ، داهات و بەهای دراو لە کۆمەڵگادا دۆخێکی ئابوری خراپ و ناهاوسەنگ بۆ تاکەکانی کۆمەڵگا دروست دەکات. هەژاری و بێکاری هۆی لەدەستدانی توانای مرۆڤە بۆ دابینکردنی پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیان بۆ خۆی و خێزانەکەی، ئەمەش باری دەرونی خراپ و پاڵەپەستۆیەکی دارایی زۆر لەسەر مرۆڤ دروست دەکات، دواتر دەبێتە پاڵنەرێکی بەهێز بۆ دروستبونی تاوانەکانی دەستدرێژیکردن بۆ سەر پارە و سامان.

**وشە سەرەکییەکان:** پاڵنەرە ئابورییەکان، تاوان، تاوانبار و تاوانەکانی دەستدرێژیی سەر پارە و سامان، پارە و سامان.

## ١. پێشەکی

پاڵنەری ئابوری پەیوەندی بە ڕەفتاری تاوانکاریی لە کۆمەڵگادا هەیە، چونکە کاتێك ئاستی ئابوری تاك لاواز و کەم بێت یان بێکار بێت، یاخود دۆخی ئابوری گشتی لە هەڵکشان و داکشان بێت لە داهات و نرخ و بەهای دراو، لێرەدا تاك ڕوبەڕوی فشاری دابینکردنی پێداویستییە سەرەکییەکان دەبێتەوە، بۆیە لەوانەیە ئاسان نەبێت بتوانێت دۆخی ئابوری خۆی چاك بکات، ئەمەش وا دەکات هەندێکیان پەنا بۆ ڕەفتاری تاوانکاریی بەڕێگای ناڕەوا ببەن، بەتایبەتی تاوانەکانی دەستدرێژی سەر سەروەت و سامان، وەک ڕێگایەک بۆ بەدەستهێنانی پارە بەمەبەستی پڕکردنەوەی کورتهێنانی داهات یان بەرزکردنەوەی ئاستی ئابوری بەرەو ئاستێکی باشتر بە شێوەیەکی خێرا. تاوانەکانی پەیوەست بە بارودۆخی ئابوری بریتیین لە دزی، فێڵ و هەڵخەڵەتاندن و ناپاکی لە ئەمانەت.

بەرزبونەوەی ڕێژەی تاوانەکان کاریگەریی لەسەر ئابوری گشتی دەبێت، زیادبونی قەبارەی تاوانەکان لەوانەیە ببێتە هۆی دابەزینی وەبەرهێنان و چالاکیی ئابوری لە

گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٧، ژمارە ٢ (٢٠٢٤)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ١٦ کانوونی دووەم ٢٠٢٤؛ پەسەندکردن: ١١ شوبات ٢٠٢٤
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ١٨ تشرینی یەکەم ٢٠٢٤ بڵاوکراوەتەوە
ئیمەیڵی توێژەر: rostam.mustafa@su.edu.krd
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢١ روستم صابر مصطفی و زانا احمد بیرداود، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.٠

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n2y2024.pp31-47

كۆمەڵگادا، ئەمەش كاریگەریی زیاتری لەسەر دابینكردنی پاراستن و ئاسایش بۆ ڕووبەڕونەوەی تاوان و تاوانكاری دەبێت، بەمەش سەرچاوەی بەردەست بۆ وەبەرهێنان لە چالاكییە ئابورییەكانی دیكەدا كەمدەكاتەوە. پەروەردە و بوارەكانی پەرەپێدانی كۆمەڵگای خۆجێیی و ناوخۆ دەتوانن ڕۆڵی ئەرێنی لە كەمكردنەوەی تاوان بگێڕن. كاتێک گەشەی ئابوری و هەلی كار هەبێت, دەرفەتی ژیانێكی باشتر و بارودۆخێكی كۆمەلآیەتی گونجاوتر بەرهەمدێت، ئەمەش باری دەرونی مرۆڤ ئاساییتر دەبێت و، ڕەنگە ئەگەری ئەنجامدانی ڕەفتاری تاوانكاری و تاوانەكانی دەستدرێژی سەر سەروەت و سامان بۆ مەبەستە ماددییەكان كەم بكاتەوە, بەڵام بەپێچەوانەوە كاتێک تاكەكان بەهۆی كەمی هەلی كار و زۆری ڕێژەی بێكاری و هەژارییەوە دەناڵێنن، ئەوا بەزەحمەت دەتوانن پێداویستییە ماددییە سەرەتاییەكانییان دەستەبەر بكەن, ئەمەش هەستی خۆ بەكەمزانین و نەبونی دادپەروەری كۆمەلآیەتی و ئابوری لەلایان دروست دەكات؛ لە ئەنجامدا ڕەنگە بەشێكیان پەنا بۆئەنجامدانی تاوان ببەن وەک ئامرازێک بۆ بەدەستهێنانی پارە و سامان بۆ باشتركردنی دۆخی ئابورییان.

بەهۆی خراپی دۆخی ئابوری گشتی كە ڕوبەڕوی كۆمەڵگا دەبێتەوە وەک پاشەكشەی ئابوری یان هەڵاوسانی زۆر، ئەمەش ڕێژەی هەژاری و بێكاری و ناسەقامگیری كۆمەلآیەتی گەورەتر دەكات، لە ئەنجامدا ڕێژەی تاوانەكان زیاد دەكات بەتایبەت تاوانەكانی دەستدرێژیی سەر پارە و سامانی خەڵك.

سەبارەت بە تاوانە تۆماركراوەكان بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیسی هەرێمی كوردستان، دەردەكەوێت لە ساڵی (2013)، تاوانەكانی دەستدرێژی سەر پارە و سامان وەک دزیی و هەڵسوكەوت لەگەڵ پارەی دزراو ژمارەیان (2967) تاوان بووە، تاوانی فێڵ و هەڵخەڵەتاندن ژمارەیان (3085) تاوان بووە، تاوانی ناپاكی لە ئەمانەت ژمارەیان (574) تاوان بووە، بەڵام لە ساڵی (2015) تاوانی دەستدرێژیی سەر پارە و سامان وەک دزیی و هەڵسوكەوت لەگەڵ پارەی دزراو ژمارەیان (5222) تاوان بووە، تاوانی فێڵ و هەڵخەڵەتاندن ژمارەیان (3357) تاوان بووە، تاوانی ناپاكی لە ئەمانەت ژمارەیان (753) تاوان بووە (بیرداود،2017، ص:77)، هەروەها بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیسی هەرێمی كوردستان بۆ ساڵی (2022) لە كۆنگرەیەكی ڕۆژنامەوانی دەریخست، كە لە هەرێمی كوردستان (5931) تاوانی دزی و، (7991) تاوانی فێڵ و هەڵخەڵەتاندن تۆماركراوە(*) (ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پۆلیسی هەرێم، 2023)، لەگەڵ ئەوەشدا بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر بۆ هەمان ساڵ، لە سنوری پارێزگای هەولێر دەریخستووە كە (9446) كەسی بە تۆمەتی ئەنجامدانی تاوانی جیاجیا دەستگیر كردووە، لە نێویشیاندا (697) كەس بە تاوانی دزی دەستگیر كرابون (سایتی پارێزگای هەولێر، 2023). لە بەراوردكردنی نێوان ئەو ساڵانەی ئاماژەی پێكراوە دەركەوتووە؛ كە بە ڕێژەیەكی بەرچاو ئەو جۆرە تاوانانە زیادیكردووە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە هەرێمی كوردستان لە دوای (2014)ەوە ڕوبەڕوی كۆمەڵێک بارودۆخی خراپ و نەخوازراو بۆتەوە، كە بریتیین لە دابەزینی نرخی نەوت لە بۆرسەی جیهانی بە گشتی و هەرێمی كوردستان بەتایبەتی، قەیرانی ئابوریی، شەڕی داعش لە (2014)ەوە، كە بووە هۆی هاتنی ئاوارەكان لە ناوچەكانی خوارو و ناوەڕاست و دەرەوەی عێراق بۆ هەرێمی كوردستان، لە ئاكامدا دۆخی ئابوری گشتی و تایبەتی هاووڵاتییان بەرەو خراپی ڕۆیشت، بۆیە حكومەتی هەرێمی كوردستان/عێراق نەیتوانی پابەندییە داراییەكان بەرامبەر بە موچەخۆران جێبەجێ بكات، ئەمەش بووە هۆی دواكەوتن و كەمكردنەوەی موچە بۆ نیوە موچە، هاوكات لەگەڵ ئەمەشدا بازاڕی ئاڵوگۆڕیی دراو دۆخی ناجێگیری بەخۆیەوە بینی، نرخی كاڵا و پێداویستییەكانی ڕۆژانەی هاووڵاتییان بە شێوەیەكی بەرچاو بەرز بۆوە، ئەمەش كاریگەریی لەسەر نزمبونەوەی داهاتی خێزان و خراپبونی باری داراییان هەبو، هەروەها زیادكردنی باج لەسەر كایەكانی پەیوەستدار بە ژیانی هاووڵاتییان، هەمو ئەمانە ئەركی سەرشانی خەڵكی قورستر كرد، بۆیە دەكرێت بڵێین ئەمانەی ئاماژەمان پێكردن، ڕێگەخۆشكەر-بن بۆ زیادبونی ئەنجامدانی تاوانەكانی دزی، فێڵ و هەڵخەڵەتاندن و ناپاكی لە ئەمانەت.

## یەكەم: گرفتی توێژینەوەكە:

هەر توێژینەوەیەك لە بواری زانستە كۆمەڵایەتییەكان؛ گەڕانە بە دوای ئاشكراكردن یاخود زانینی ئەو پاڵنەر و هۆكار و پەیوەندییانەی لە پشت ئەنجامدانی یان ڕودانی هەر دیاردە و ڕوداوێكە، لەم توێژینەوەیەدا بۆ ئەوەی بزانین بۆچی تاك تاوانەكانی دەستدرێژی سەر پارە و سامان ئەنجامدەدات، پێویستە پاڵنەرە ئابورییەكان دیاریبكەین، گرفتی ئەم توێژینەوەیەش چەند پرسیارێك دەگرێتەخۆی، پرسیارەكانیش بریتیین لەمانەی خوارەوە:-

أ- ئایا پاڵنەرە ئابورییە گشتییەكانی وەكو: بەرەوپێشچونی ئابوری و ناجێگیری ئابوری لە داهات، نرخ و بەهای دراو پەیوەندییان بە تاوانەكانی دەستدرێژیی سەر پارە و سامانەوە هەیە؟

ب- ئایا پاڵنەرە ئابورییە تایبەتییەكانی وەكو: هەژاری و بێكاری پەیوەندییان بە تاوانەكانی دەستدرێژیی سەر پارە و سامانەوە هەیە؟

## دووەم: گرنگی توێژینەوەكە:

هەر توێژینەوەیەكی زانستی گرنگی و بایەخی خۆی هەیە، گرنگی ئەم توێژینەوەیەش لەوەدا دەردەكەوێت، كە هەوڵێكە بۆ ئاشكراكردنی پاڵنەرە ئابورییەكان بە ئەنجامدانی تاوانەكانی دەستدرێژیكردنە سەر پارە و سامان، وەكو؛ دزی، فێڵ و هەڵخەڵەتاندن و ناپاكی لە ئەمانەت. هەروەها ئەم گرنگییە خۆی دەبینێتەوە لە جەختكردنەسەر شیكردنەوەیەكی زانستی بۆ بوار و لایەنەكانی ئەم توێژینەوەیە، بەسود وەرگرتن یان پشتبەستن بە سەرچاوە مەعریفییەكانی وەكو: ئاڕاستەی تیۆریی، توێژینەوەكانی پێشو و بیروبۆچونی توێژەران، لەگەڵ خستنەڕوی ئەو پێشنیازانەی كە یارمەتیدەر دەبن بۆ دامەزراوەی یاسایی و دەزگاكانی ئاسایش، بۆ ڕوبەڕوبونەوەی ڕەفتاری تاوانكاریی و دانانی پلانی گونجاو لەلایەن حكومەت بۆ كەمكردنەوەی تاوان، لەڕێگای نەهێشتنی

(*) مەبەست لە تاوانی تۆماركراو، ئەو تاوانانەیە ئاشكرابووە و تۆماركراوە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیسی هەرێم، بەڵام مەرج نییە تۆمەتبار دەستگیر كرابێت.

هۆكاره ئابورییه پاڵنەرەكانی ئەنجامدانی تاوان، هەروەها گرنگی ئەم بابەتەش لەوەدایە كە توێژینەوەیەكی ئەكادیمییە و دەبێتە دەوڵەمەندكردنی كتێبخانەی كۆمەڵناسی و یاسا و زانیاری و بابەتی زانستیی لە بواری تاواناسیدا.

**سێیەم: ئامانجەكانی توێژینەوەكە:**

هەموو توێژینەوەیەكی زانستی و كۆمەڵایەتی ئامانجی دیاریكراوی خۆی هەیە. هەوڵدەدات لەڕێگای توێژینەوەی زانستیدا بەدییبهێنێت، ئەم توێژینەوەیەش چەند ئامانجێكی هەیە، دەیەوێت بەهۆی خوێندنەوەیەكی زانستیانە لە بابەتی توێژینەوەكە پێیان بگات؛ لە ڕوانگە و ئاڕاستە تیۆرییەكان و توێژینەوەكانی پێشوتر و بیروبۆچونی توێژەران كە لەم خاڵانەدا دەیانخەینەڕو:

أ- شرۆڤەكردنی پەیوەندی پاڵنەرە ئابورییە گشتییەكانی وەكو: بەرەوپێشچونی ئابوری و ناجێگیری ئابوری بە تاوانەكانی دەستدرێژیی سەر پارە و سامان.

ب- ڕونكردنەوەی پەیوەندی پاڵنەرە ئابورییە تایبەتییەكانی هەژاری و بێكاری بە ئەنجامدانی تاوانەكانی دەستدرێژیی سەر پارە و سامان.

**چوارەم: دیاریكردنی چەمكەكان:**

**1- پاڵنەرە ئابورییەكان:**

پاڵنەری ئابوری یەكێكە لە پاڵنەرە گرنگەكان، كە كاریگەریی لەسەر ڕەفتاری تاوانكاریی لە كۆمەڵگادا هەیە، پێویستە جیاوازیش لە نێوان پاڵنەری ئابوری گشتی كە بەرەوپێشچون و ناجێگیری دۆخی ئابورییە و، پاڵنەری ئابوری تایبەت، كە هەژاری و بێكارییە بكرێت (شاقور،٢٠١٥: ١١٤). توێژەران بۆ شیكردنەوەی هۆیەكانی دیاردەی تاوان، پێیانوایە پەیوەندی لەنێوان بارودۆخی ئابوری و ڕەفتاری تاوانكاریی هەیە، بە وتەی لایەنگرانی ئەم ڕەوتە خراپی دۆخی ئابوری هۆكارێكی ڕاستەوخۆیە بۆ پاڵنانی تاكەكان بەرەو لادانی ڕەفتار (زروقي،٢٠١٥: ٦٨).

بە گوزارشتێكیتر پاڵنەری ئابوری یەكێكە لە گرنگترین پاڵنەرە كاریگەرەكان لەسەر ئەنجامدانی هەر تاوانێك لە هەر شوێنێكدا، بێكاری و هەژاری، كە ناونیشانی لاوازی دۆخی ئابوری تاكەكانە و پاڵنەرێكیشن بۆ ئەنجامدانی تاوانەكانی سەر پارە و سامان(مردان و اخرون, 2017، ص.311). یان ئەو پاڵنەرانەن كە كاریگەرییان لەسەر ئابوری كۆمەڵگا دەبێت، لە خۆشگوزەرانی كۆمەڵگا و، قەیراناوی و ناجێگیری دۆخی ئابوری، كە كاریگەرییان لەسەر تاكەكان و دابینكردنی پێداویستییەكانی ڕۆژانەیان وەك خواردن، خانوبەرە، جلوبەرگ و خواردنەوە دەبێت، ئەم پێداویستیيانەش بەپێی بارودۆخی تاك دەگۆڕێن(الفواعير, 2017, ص:323).

دەتوانین پێناسەی پاڵنەرە ئابورییەكان بۆ مەبەستی ئەم توێژینەوەیە بەم شێوەیە بكەین، كە بریتییە لە: بارودۆخێكی دارایی خراپ و ناجێگیرە، پەیوەستە بە ژیان و گوزەرانی تاكەكانی نێو كۆمەڵگا، وەكو؛ ناجێگیری دۆخی ئابوری لە داهات، نرخ و بەهای دراو، لەگەڵ بەرزبونەوەی ڕێژەی هەژاری و بێكاری، ئەمەش كاریگەریی بەهێزی لەسەر دروستبونی تاوان هەیە و، دەبێتەهۆی خراپكردنی باری دەرونی تاكەكان و لاوازكردن یان نەهێشتنی توانای ماددییان بۆ دابینكردنی پێداویستییە سەرەكییەكانی ژیان.

2- تاوان:

تاوان لە ڕوانگەی زانای كۆمەڵناسی (دۆركهایم 1917-1858) بریتییە لەوەی: (هەر كردارێك، كە پێچەوانەی هەستی گشتی كۆمەڵ بێت) (الهریش, 2006، ص.48)، هەروەها (كارل مانهایم1947-1893) لە پێناسەی چەمكی تاوان دەڵێت بریتییە لە: (ڕەفتارێكی دژە كۆمەڵایەتییە، جا لەڕوی یاساییەوە پێچەوانە بێت یان پێچەوانە نەبێت) .(Bernard, 1979, p.11)

تاوان لە ڕوانگەی یاساییەوە بریتییە لە: هەر كارێكی نایاسایی، كە یاسا سزای بۆ ئەو كارە دیاریكردووە(فرج، 1976, ص:88). تاوان لە دیدی (محمود نجيب حسني)كارێكی ناڕەوایە لە خواستێكی تاوانی دەردەچێت و، یاسا بڕیاری سزا یان هەڵوێستە خۆپارێزییەكانی بۆ دەدات(حسني, 1977, ص:40)، بەڵام یاساناسی ئەمریكی (جیروم هول) پێناسەی تاوان دەكات و دەڵێت: (بریتییە لە زیانێكی قەدەغەكراو بەپێی یاسای تاوان، لەلایەن كەسێكی پێگەیشتو بە خواست و مەبەست ئەنجامیداوە، كە پێویستە سزایەكی دیاریكراو لە یاسادا وەربگرێت)(Hall, 1960, p.55). لە پێناسەیەكیتردا بریتییە لە سەرجەم ئەو كردەوانەی كە لەگەڵ بڕیاری یاسای سزاكان یەكناگرنەوە. یاسای سزاكانیش ئەو یاسایانەیە كە كردەوە نادروست و ناڕەواكان و بڕی سزاكانیان لەخۆ دەگرێت و دەستنیشانیان دەكات (بۆكانی، 2002, ص.26). (سراج) لە پێناسەی تاوان دەڵێت كردنی كارێكە یان نەكردنی كارێكە كە سەرپێچی ڕێسای تاوانی دەكات، یاساش بڕیاری سزای بۆ دەدات(طالب، 1997، ص:15).

توێژەرانی بواری دەرونناسی پێناسەی تاوان دەكەن، دەڵێن: (ڕەفتارێكی نائاسایی و نەخۆشییە و دژی كۆمەڵگایە، كە لە كەسایەتییەكی دەرون هەڵچو ڕودەدات)(مصطفی, 1998, ص.79). لە پێناسەكێتردا؛ تاوان هێزێكی هەڵچونە كە ڕێگایەكی كۆمەڵایەتی ڕەوای نەدۆزێتەوە بۆ دەرچون، دەبێتەهۆی دروستبونی ڕەفتارێك كە نەگونجاوە لەگەڵ ئەو بارودۆخەی، كە كۆمەڵگا ڕێگای پێداوە(خليفة، 1955، ص:31)، یان بریتییە لە ڕەفتارێكی نەخۆش، كە لە كەسێكی شلەژاو دەردەچێت، یان لە كەسێك بە شلەژان و تێكچونی دەرونی بناڵێنێت(المغزلي و اليثي, 1967, ص:114).

بۆ مەبەستی ئەم توێژینەوەیە دەتوانین بڵێین تاوان بریتییە لەو كردەوەیە، كە لەلایەن كەسی هۆشیار و پێگەیشتو ئەنجامدەدرێت، ئەمەش بەهۆی خراپی بارودۆخی ئابوری و نزم دروست دەبێت، كە پێچەوانەی بەها و پێوەرە كۆمەڵایەتییەكانە و، زەرەر و زیان بە پارە و سامانی تایبەتی خەڵك و گشتی كۆمەڵگا دەگەیەنێت، یاساش قەدەغەی كردووە و دەسەڵاتی دادوەریش سزای دیاریكراوی بۆ دیاریكردووە.

3- تاوانبار:

لە ڕوانگەی كۆمەڵایەتییەوە كەسی تاوانبار بەمشێوەیە پێناسە دەكرێت: ئەو كەسەیە كە پێشێلی بنەمای ڕەفتارە دیاریكراوەكانی كردووە لەو كۆمەڵگایەی تێیدا دەژی، بە زیان بۆ خۆی و خەڵك دادەنرێت و سزا دەدرێت بە سزایەک، كە یاساكانی ئەو كۆمەڵگایە دیاریكردووە(العوجي, 1980، ص.261). لە چوارچێوەی كەسایەتی ناكۆمەڵایەتی (فیلبوا جراماتیكا) دەڵێت: كەسێكە كردارێكی ئەنجام داوە، ئەو كردارە بە پێشێلی ئەو ڕێسا كۆمەڵایەتییانە دادەنرێت، كە كۆمەڵگا ناسیوێتی كە كەسەكە تیایدا ژیاوە (حومد،

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n2y2024.pp31-47

1983, ص:68)، هەروەها (بیرجس) پێیوایە تاوانبار ئەو كەسەیە كە كۆمەڵگا بەو شێوەیە دایدەنێت(رمضان, 1985, ص:20).

تاوانبار لە ڕوانگەی یاساییەوە: ئەو كەسەیە كە بڕیارلەسەردراوە بەهۆی تاوانەكەی(المشهداني و البكري, 1997, ص:77)، یان ئەو كەسەیە كە دادگا بڕیاری لەسەر داوە لەسەر ئەنجامدانی تاوان، ئەو كاتەی بڕیارەكە دەبێتە بڕیارێكی كۆتایی و شایستەی گۆڕان نابێت(برکو، 2009. ص:95).

پسپۆڕانی بواری تاوانناسی دەڵێن: تاوانبار ئەو كەسەیە كە تاوانێك ئەنجامدەدات یاسا بە دەقێكی دیاریكراو ئاماژەی پێكردووە(الوريكات, 2009، ص.59)، هەروەها زانای بواری تاوانناسی (سزرلاند) دەڵێت: تاوانبار (ئەو كەسەیە كە تاوانێكی ئەنجامداوە). (خلف, 1986، ص.29).

تاوانبار لە ڕوانگەی دەروونناسییەوە: بریتییە لەو كەسەی كە دەناڵێنێت بە دەست شڵەژان و لادان لە كەسایەتی ڕاست و دروست و خەسڵەتەكانی، ئەو شڵەژانانە بەرهەمی گەشەكردن و بەرزبونەوەی هەڵچونی نائاسایی و، ئەو پەیوەندییە ناتەندروستەیە كە لە نێوان ڕەگەزەكانی (ئەو، من و منی باڵا)دا دروست دەبێت، ئەو شلەژانانەش بە هۆكاری سەرەكی ڕەفتاری تاوانكاری هەژمار دەكرێن(رمضان، 1985, ص.63).

بۆ مەبەستی ئەم توێژینەوەیە دەتوانین پێناسەی تاوانبار بكەین، بەوەی، كە بریتییە لەو كەسەی كە كردارێكی ئەنجامداوە لە دیدی یاساوە بە تاوان هەژمار دەكرێت و، لەلایەن دادگاوە سزای دیاریكراوی بۆ دەردەكرێت، ئەم كردەوەیەش ڕەنگە بەمەبەستی باشتركردنی دۆخی ئابوری و گوزەرانی ژیانی كردویەتی، بە ڕێگای تاوانەكانی دەستدرێژی سەر پارە و سامان.

4- تاوانەكانی دەستدرێژیی سەر پارە و سامان:

ڕوداوەكانی دەستدرێژیی سەر پارە و سامان بەربڵاوترین جۆری تاوانن، كە تاوانباران مەبەستیان لەو جۆرە ڕوداوانە؛ دزینی موڵكەكانی وەك (ئۆتۆمبێل، ئاژەڵ، لە دوكان، پارە و...هتد) (الخولي، 2000، ص.51)، یان بریتییە لە تاوانەكانی دزی، فێڵ و هەڵخەڵەتاندن و ناپاكی لە ئەمانەت كە لەلایەن كەسێك ئەنجام دەدرێت بە هۆی پاڵنەری كۆمەڵایەتی یان ئابوری بێت، ئەمەش بە ئامانجی دەستكەوتی ماددی بە ڕێگای نایاسایی(عبدالستار, 2018، 179). بەدەربڕینێكیتر؛ تاوانەكانی دەستدرێژیكردنە سەر پارە و سامان، ئەو تاوانانەن كە دەستدرێژی یان هەڕەشەیەكی مەترسیین بۆ سەر ئەو مافانەی كە بەهایەكی داراییان هەیە و، دەچنە چوارچێوەی ئەو مافانەی، كە بەهایەكی ئابوری هەبێت، هەم دەچێتە نێو بازنەی مامەڵەكردن، هەم بەشداری لە دروستبونی پێكهاتەی دارایی كەسەكان دەكات(حسني، 2005، 114-115).

سەبارەت بە چەمكی تاوانی دەستدرێژی سەر پارە وسامان، هەندێ چەمكی لاوەكی لەخۆدەگرێت، وەكو؛ (دزی، فێڵ و هەڵخەڵەتاندن و ناپاكیكردن لە ئەمانەت)، كە لە خوارەوە ئاماژەیان پێدەكەین و دواتر پێناسەی تیۆری دەخەینەڕو، كە بریتین لەمانە:-

بۆ چەمكی دزی لە یاسای سزادانی عێراقیدا لە مادەی (439)دا بەمشێوەیە پێناسەی تاوانی دزی دەكات: (دزیكردن بریتییە لە بردنی سامانێكی گواستراوە بەشێوەیەكی مەبەستدار كە خاوەندارێتییەكەی بۆ تاوانبارەكە ناگەڕێتەوە) (قانون العقوبات العراقي, 1969). زۆربەی یاساناسان كۆكن لەسەر پێناسەی دزی بەمشێوەیە: بریتییە لە بردنی پارەی كەسانیتر بەشێوەیەكی شاراوە بەمەبەستی خاوەندارێتیكردنی (الشهراني، 2004، ص:22).

فێل و هەڵخەڵەتاندن: بریتییە لە دەستبەسەرداگرتنی پارە و سامانی كەسانیتر، بە ڕێگای فێڵ و هەڵخەڵەتاندن، وەهای لێ بكەیت ئەو پارەیەی ڕادەستی بكات(حسني، 1984، ص.211). لە پێناسەكێتردا بریتییە لە: كرداری دەستبەسەرداگرتنی پارە و سامانێكی گوازراوەی كەسانیتر بە بەكارهێنانی ڕێگای فێڵ و هەڵخەڵەتاندن بەمەبەستی خاوەندارێتیكردنی (ابوخطوة, 1994, ص:194)، هەروەها دەستبەسەرداگرتنی پارە و سامانی گوازراو كە هی كەسانیترە، بە فریودانی قوربانیەكە یان ناچاركردنی یان بەهەر شێوازێكیتر بۆئەوەی ڕادەستی بكات

(الحبوش، ٢٠٠١: ١٧).

ناپاكی كردن لە ئەمانەت: بریتییە پێشێلكردنی مافی خاوەنداری كەسانیتر لە ڕێگای ناپاكیكردن لەو باوەڕەی كە پێیكراوە (القللي،١٩٤٣: ٣١٧).

لە بەشی سێیەمی یاسای سزادانی عێراقی مادەی (453) بەمشێوەیە پێناسەی ناپاكیكردن لە ئەمانەت كراوە، (هەر كەسێك متمانەی پێبكرێت بە سەروەت و سامانی گواستراوە كە خاوەندارییەكەی بۆ كەسێكیتر بگەڕێتەوە یان بەهەر شێوەیەك پێیدرا یان ڕادەستی بكرێت بۆ هەر مەبەستێك، ئینجا بەشێوەی مەبەستدار بە خراپ بەكاری هێنا بۆخۆی یان بۆ سودی خۆی یان بۆ سودی كەسانیتر یان هەڵسوكەتی پێكردبێت و بە نیازی خراپ بەكاریهێنا پێچەوانەی ئەو مەبەستەی كە پێیدرابو یان ڕادەستی كرابو، بەپێی یاسا، یان ناوەڕۆكی ڕێنماییە ڕون و ئاشكراكان لەلایەن كەسێك پێیداوە بڕیاردراوە؛ سزا دەدرێت بە گرتن یان پێبژاردن) (قانون العقوبات العراقي, 1969).

دەتوانین پێناسەی تاوانی دەستدرێژیی سەر پارە و سامان بۆ مەبەستی ئەم توێژینەوەیە بكەین بەمشێوەیە؛ بریتییە لە كرداری دەستدرێژیكردن بۆ سەر پارە و سامانی كەسانیتر، بەڕێگای دزی، فێڵ و هەڵخەڵەتاندن یان ناپاكی لە ئەمانەت، جا بەهۆی پاڵنەری هەژاری و نەبونییەوە بێت، كە بەمەبەستی دەوڵەمەندی خێرا بێت، یان بەهۆی خراپی دۆخی ئابوری گشتی بێت، یانیش بەهۆی ناجێگیری دۆخی ئابوری وڵات بێت ئەنجامدەدرێت؛ ئەویش بە ئامانجی دەستبەسەرداگرتن و خاوەندارێتیكردنی پارە و سامانی كەسانیتر.

## پێنجەم: توێژینەوەكانی پێشو:

1- توێژینەوەی: زانا احمد بیرداود. (2017) علاقة الخصائص الاجتماعية والبيئية بالسلوك الإجرامي – دراسة ميدانية في إقليم كوردستان – العراق

توێژینەوەی بیرداود بە ناونیشانی: پەیوەندی تایبەتمەندییە كۆمەڵایەتی و ژینگەییەكان بە ڕەفتاری تاوانكارییەوە، ئەم توێژینەوەیە لە هەرێمی كوردستان؛ لە بەرێوەبەرایەتییەكانی چاكسازی گەوران لە شارەكانی هەولێر و دهۆك و سلێمانی لە هەرێمی كوردستان ئەنجامدراوە، بە ئامانجی زانینی قەبارە و زۆربونی جۆرەكانی تاوانە لە هەرێمی كوردستان/عێراق لەماوەی ساڵانی نێوان (2010-2015)، هەروەها ئاشكراكردنی

خەسڵەتە کۆمەڵایەتی و ژینگەییەکانی ئەنجامدەرانی ڕەفتاری تاوانکاری و، دۆزینەوەی پەیوەندی خەسڵەتە کۆمەڵایەتییەکانی وەك بارودۆخی خێزان، ئابوری خراپ، ئاستی خوێندەواری نزم، جۆری پیشە، هاوڕێی خراپ، داهاتی نزم و بێکاری بە ئەنجامدانی ڕەفتاری تاوانکاریی، لەگەڵ دۆزینەوەی پەیوەندی خەسڵەتە ژینگەییەکانی وەك بە شارستانیبون و ژیان لە گەڕەکە میللییەکانی خاوەن بەرزی چڕی دانیشتوان و نیشتەجێبون لە خانوی جەنجاڵ و خراپ، بونی خزمەتگوزاری گشتی خراپ و شوێنی کات بەسەربردن و حەسانەوە لە گەڕەکەکانیاندا بە ئەنجامدانی ڕەفتاری تاوانکاریی، دەرخستی ئەو خەسڵەتانە بە جۆری تاوانەوە.

ئەو تیۆرانەی کە توێژەر لە توێژینەوەکەیدا بەکاریهێناوە بریتییە لە: تیۆری ئەنۆمی، تیۆری تێکەڵبونە جوداییەکان و تیۆری ئایکۆلۆجی. میتۆدی توێژینەوەکەی بریتییە لە میتۆدی وەسفی شیکاری بە ڕێگای ڕوپێوی کۆمەڵایەتی بەنمونە و، میتۆدی بەراوردکاری، مێژویی و ئاماری، قەبارەکەی لە (338) یەکە لە حوکمدراوەکان پێکهاتووە، بە ڕێگای نمونەی هەڕەمەکی ڕێکخراو هەڵبژاردون. ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری بریتییە لە پرسیارنامە و چاوپێکەوتنی ڕێکخراو. ئامرازەکانی ئاماریی بریتیبون لە ڕێژەی سەدی، ناوەندی ژمێری، لادانی پیوەری، تاقیکردنەوەی کای دوجا و هاوکێشەی کرامر بەڕێگای هەگبەی ئاماری (SPSS).

گرنگترین ئەنجامەکانی:

بڵاوبونەوەی دیاردەی بەکارهێنانی مادەی هۆشبەر و سرکەرەکان لەناو یەکەکانی نمونەکەدا، بە یەکێك لە هۆکارەکانی کەوتنە ناو ژینگەی تاوان دادەنرێت. بەتایبەتی لەلای ئەنجامدەرانی تاوانە داراییی و ئاکارییەکان و دەستدرێژی بۆ سەر خەڵکی و کوشتن و بەکارهێنان و بازرگانی کردن بە مادده سرکەرەکانەوە. نزمی پێگەی کار و کەمی کرێی کارکردن، وەکو؛ کاری کرێکاری، بە یەکێك لە هۆکارەکانی ئەنجامدانی ڕەفتاری تاوانکاری بە تایبەتیش تاوانە داراییەکان دادەنرێت،

تێکەڵبون لەگەڵ برادەری خراپ, بەتایبەتی کوڕانی گەڕەك و بەشداریکردنیان لە چالاکییە زیانبەخشەکاندا، بە یەکێك لە هۆکارەکانی فێربون و هاندان دادەنرێت، لە ئەنجامدانی ڕەفتاری تاوانکاریی لە ناو یەکەکانی نمونەکەدا، بەتایبەتیش لە تاوانە داراییەکان. بارودۆخی خراپی گوزەرانی یەکەکانی نمونەکە و بێتوانایی لە وەدیهێنانی ئامانجە مادییەکانیان بە ڕێگە ڕەواکان؛ یەکێکبووە لە هۆکارەکانی ئەنجامدانی تاوانە داراییەکان، وەکو؛ تاوانی دزیبو لەلایان. نیشتەجێبون لە گەڕەکە میللییە هەژارنشین و قەرەباڵغەکان بە دانیشتوان، بە یەکێك لە هۆکارەکانی ئەنجامدانی چەشنە جیاجیاکانی ڕەفتاری تاوانکاریی دادەنرێن لەنێوان یەکەکانی نمونەی توێژینەوە, بەتایبەت خاوەن داهاتە نزمەکان.

2- توێژینەوەی: محند محمد منصور البطوش. (2020) الآثار الاجتماعية والاقتصادية المترتبة على جرائم الاحتيال والشيك من غير رصيد في المجتمع الأردني من وجهة نظر المحكومين في مراكز الإصلاح والتأهيل.

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (کاریگەرییە کۆمەڵایەتی و ئابورییەکانی فێڵ و هەڵخەڵەتاندن و چەکی بێپشتیوان(*) لە کۆمەڵگای ئوردنی لە ڕوانگەی بەندکراوان لە بنکەکانی چاکسازی و ڕاهێنان) ئەنجامدراوە، ئامانجەکانی بریتیین لە: پێوانەکردنی کاریگەرییە کۆمەڵایەتی و ئابورییەکانی تاوانەکانی فێڵ و هەڵخەڵەتاندن و چەکی بێپشتیوان لە ڕوانگەی بەندکراوان و، دروستکردنی چوارچێوەیەکی تیۆری بۆ زانینی چەمکەکانی گۆڕاوە ئابورییەکانی وەکو: (داهات، کرێ، هەژاری، بێکاری و هەڵاوسان)، لەگەڵ زانینی چەمکەکانی گۆڕاوە کۆمەڵایەتییەکانی وەکو: (بارودۆخ، پەیوەندی، قەبارەی خێزانی، فرەژنی و جیابونەوە)، کاریگەرییان لەسەر تاوانەکانی فێڵ و هەڵخەڵەتاندن و چەکی بێپشتیوانە، هەروەها فەراهەمکردنی پێگەیەکی زانیاری لەسەر گۆڕاوە ئابوورییەکان لە پێناو کەمکردنەوەی توندی زیادبوونی تێکڕای ئەم جۆرە تاوانانە. لە توێژینەوەکەیدا میتۆدی وەسفی بەڕێگای ڕوپێوی کۆمەڵایەتی بەکارهاتووە، قەبارەی نمونەی توێژینەوەکەی پێکهاتووە لە (462) بەندکراو بە ڕێگای نمونەی هەڕەمەکی سادە هەڵبژاردون. ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری بریتیبو لە فۆرمی ڕاپرسی. لە ئامرازە ئامارییەکاندا پشتی بەستووە بە ڕێژەی سەدی، هاوکێشەی پەیوەستی سپێرمان، ئەلفاکرونباخ و تاقیکردنەوەی مان وتنی بۆ جیاوازی نێوان گۆڕاوەکان.

گرنگترین ئەنجامەکانی بریتیبون لە:-

پەیوەندی لەنێوان کاریگەریی کۆمەڵایەتی و ئابوری بە تاوانەکانی فێڵ و هەڵخەڵەتاندن و چەکی بێپشتیوان لە کۆمەڵگای ئوردنی هەیە، ئەویش بۆ کەمی کرێ و داهاتی تاکەکەس دەگەڕێتەوە، وای لێ دەکات ئەمجۆرە تاوانانە ئەنجام بدات، بەهۆی زیادبونی داواکارییەکانی ژیانی ڕۆژانە و ئەو پێداویستییە ماددییانەی کە تاك پێویستی پێیەتی، هەروەها دەرکەوتووە کەوا هەژاری ڕێگرە لەبەردەم منداڵان بۆ بەردەوامبونیان لە خوێندن و، چونیان بۆ کارکردن لە تەمەنێکی بچوکدا، لەهەمانکاتدا هەژاری هۆکاری چونە دەرەوەی ئافرەتە بۆ کارکردن و، کۆچکردنی باوکە بۆ دەرەوەی وڵات لەژێر فشاری دارایی، ئەمەش دەبێتەهۆی لاوازبونی چاودێری و سەرپەرشتی باوان بۆ منداڵەکانیان، دواتر دەبێتە هۆکارێك بۆ تاوانکردن، لە ئەنجامەکان دەرکەوتووە کە هەژاری پاڵنەری بەهێزی تاوانەکانی فێڵ و هەڵخەڵەتاندن و چەکی بێپشتیوانە، چونکە تاکەکان ناتوانن کەمترین پێداویستییەکانی ژیان بۆ خۆیان و ئەندامانی خێزانیان دابینبکەن بەهۆی خراپی باری ئابوریان، ئەمەش پاڵیان دەدات بۆ ئەنجامدانی ئەم جۆرە تاوانانە، دۆخەکە خراپتر دەبێت کاتێك ژمارەی ئەندامانی خێزان زۆر دەبێت.

لەگەڵ ئەمەشدا ئەنجامەکانی دەریانخستووە بێکاری هۆیەکێتری ئەنجامدانی تاوانەکانی فێڵ و هەڵخەڵەتاندن و چەکی بێپشتیوانە لە کۆمەڵگادا، بەهۆی نەبونی سەرچاوەی دارایی و داهات لە ژیاندا، ئەمەش پاڵنەری ئەنجامدانی ڕەفتاری تاوانکاریی دەبێت، بەهۆی نەبونی توانا لە دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیان بۆ خۆی و ئەندامانی خێزانی، ڕەنگە لەهەمانکاتدا هۆی لێکترازانی خێزان و جیابونەوە بێت.

(*) الشيك من غير رصيد, بەواتای چەکی بانکی کە هیچ برە پارەیەکی تێدا نیە.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n2y2024.pp31-47

لە کۆتایی توێژینەوەکە دەریخستووە، هەڵاوسانی ئابوری پاڵنەرێکیتری تاوانەکانی فێڵ و هەڵخەڵەتاندن و چەکی بێپشتیوانە، چونکە دەبێتەهۆی کەمبونەوەی توانای کڕینی پێداویستییەکانی تاک، کەمبونەوەی تێکڕای گەشەکردنی داهاتی ناوخۆیی دەبێتەهۆی دروستبونی جیاوازی چینایەتی زیاتر، ئەمەش وا لە هەندێك تاکەکان دەکات مەیلیان بەرەو ئەنجامدانی ڕەفتاری تاوانکاریی بڕوات، لەپێناو دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیان بەتایبەت دوای بەرزبونەوەی نرخی کەلوپەل و پێداویستییەکان.

3- توێژینەوەی:

Ahmad, F., and Ali, R., (2015) the Motivation for Crimes: Experiences of Criminals from District Jail Karak, Khyber Pakhtunkhwa, Pakistan.

توێژینەوەی ئەحمەد و علی بە ناونیشانی: پاڵنەرەکانی تاوان: ئەزمونی تاوانباران لە زیندانی ناوچەی کاراک و خیبەر پەختونخوا لە پاکستان. ئامانجی توێژینەوەکە گەڕانە بە دوای هۆکاری ئەنجامدانی ڕەفتاری تاوانکاری. جۆری توێژینەوەکەیان بریتییە لە توێژینەوەی چۆنایەتی، قەبارەی نمونەکەی پێکهاتووە لە (15) یەکە لە حوکمدراوەکان، بە ڕێگای نمونەی مەبەستدار هەڵبژاردون. ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری بریتییە لە چاوپێکەوتنی قووڵ.

گرنگترین ئەنجامەکانی:

بەشداربوانی توێژینەوەکە (حوکمدراوان) لە چەندین کاری تاوانکاری بەشدارییان کردووە، وەك؛ تاوانی کوشتن و بەکارهێنانی دەرمانی بێهۆشکەر و دزیکردن، کە پاڵنەریشیان بەزۆری بۆ گروپی هاوڕێی خراپ و ژینگەی خێزانی نادروست و لادەر دەگەڕێتەوە. مەبەستیش لە خێزان (باوك و دایك و خوشك و برا).

زۆرینەیان لەو بڕوایەدابون کە ئەندامانی خێزان و هاوڕێکانیان ئیلهامیان یان پاڵنانیان بۆ ئەوە بووە کە خۆیان بەو جۆرە چالاکییە لادەرانە ببەستنەوە، بەڵکو ڕێنماییکاریشیان بوینە بۆ ئەنجامدانی تاوان.

بەشداربوان پێیانوایە ئەرکەکانی خێزان و هاوڕێکانیان فێرکار و پاڵنەری ئەنجامدانی تاوان و پێشێلکردنی یاسا بو بۆیان، بەڵام بەشێك لە بەشداربوان پێیانوایە هۆکاری تاوانیان بۆ باشکردنی گوزەرانیان و باری ئابوریيان بووە.

## شەشەم: ئاڕاستە تیۆرییەکانی ڕاڤەکردنی ڕەفتاری تاوانکاری:

1- تیۆری سیستەمی سەرمایەداری (capitalist system theory):

تیۆری سیستەمی سەرمایەداری یەکێکە لە تیۆرە کۆمەڵایەتی و ئابورییەکان، کە دیاردەی تاوان دەگەڕێنێتەوە بۆ سیستەمی سەرمایەداری، بەهۆی ئەو لێکەوتە کۆمەڵایەتی و ئابوریيە خراپانەی لەسەر تاك و کۆمەڵگا بەجێدەهێڵێت(الحسيني،2013, ص:113).

کۆمەڵێك لە زانایانی تاوانناسی لە فەرەنسا، ئەڵمانیا، بەلجیکا و هۆڵەندا پێشوازیان لەم تیۆرە کردووە، لەنێو ئەمانەش زانای هۆڵەندی (ولیام ئەدریان بونجەر) ( Willem Adriaan Bonger)(*) تیۆرەکەی لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم بۆ شیکردنەوەی ڕەفتاری تاوانکاری دانا (زرارة، 2014، ص:135)، لە کتێبەکەی بەناوی (تاوان و بارودۆخە ئابورییەکان) لە ساڵی (1905) بڵاوکراوەتەوە (عبدالمنعم, 1999, ص:276)، لەسەر بنەمای ئەو پەیوەندییە بەهێزەی لەنێوان ڕەفتاری تاوانکاریی و سیستەمی سەرمایەداریدا هەیە(زرارة، 2014، ص:135).

(بونجەر) پێیوایە، سیستەمی سەرمایەداری هۆی تاوانە ڕەفتارییەکانە، چونکە ئەم سیستەمە لەهەر جێگایەکدا پیادە بکرێت زۆربەی خەڵکەکە داوێتە ژێر باری حاڵەتێکی ئابوری سەخت(گەڵاڵی، 2016، ل:121)، ئەم پەیوەندیەش بەمشێوەیە شیدەکاتەوە کە دەڵێت: مرۆڤ لە منداڵیەوە (غەریزة) ڕەمەکی کۆمەڵایەتی لە دەورووبەری وەردەگرێت، ئەگەر لە ماوەی ژیانیدا ڕێکەوتی بارودۆخی گونجاوی کردبێت؛ ئەوا ئەو ڕەمەکانە لە ناخیدا دەچەسپێت و ڕەمەکی تاکگەرایی لەلای لاواز دەبێت (زرارة، 2014، ص:136)، بەمەش خۆشەویستی ئەوانیتر و گیانی هاوکاری لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگا زیاد دەبێت(یوسف، 2013، ص:227)، بەڵام ئەگەر بەپێچەوانەوە دوچاری بارودۆخی نەگونجاو بوبێتەوە، ئەوا ڕەمەکی کۆمەڵایەتی تێکدەچێت و هێزی ڕەمەکی خۆپەرستی زیاد دەکات، کە دەبێتە پاڵنەر بۆ زیادبونی ئارەزوی ئەنجامدانی ڕەفتاری تاوانکاریی وەکو: دزی، فێڵ و هەڵخەڵەتاندن و ناپاکی لە ئەمانەت(زرارة، 2014، ص:136).

(بونجەر) پێیوایە یەکێك لە گرنگترین ئەو هۆکارانەی کە بارودۆخی نەگونجاو دروستدەکات سیستەمی سەرمایەدارییە، بەهۆی جیاوازی کۆمەڵایەتی کە ڕق و کینە لای چینی کرێکار بەرامبەر چینی سەرمایەدار دروستدەکات، ئەمەش پاڵ بە هەندێ تاکەکەسەوە دەنێت بۆ ئەنجامدانی ڕەفتاری تاوانکاری وەکو: دزی، فێڵ و هەڵخەڵەتاندن و ناپاکی لە ئەمانەت(عبدالستار، 2018، ص:55).

بۆیە (بونجەر) پێیوایە مرۆڤ کە لەدایك دەبێت کۆمەڵێك ڕەمەکی (غەریزة) هەیە پێویستە تێربکرێن. ئەگەر بارودۆخە کۆمەڵایەتی و ئابورییەکەی گونجاو بو بۆ تێرکردنی ئەم پێداویستییانە، ئەوا ڕەمەکی کۆنترۆڵکردنی ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکەی زیاد دەبێت، ئەگەر پێچەوانەش بێت واتا تاك نەتوانێت پێداویستی و ڕەمەکانی تێربکات ئەوا هێزی کۆنترۆڵکردنی ناوەخۆیی لاواز دەبێت و، مەیلی خۆپەرستی کۆنترۆڵی ڕەفتارەکانی دەکات، پاشان پاڵی پێوەدەنێت و دەیوروژێنێت بۆ ئەنجامدانی ڕەفتاری تاوانکاریی لە دزی، فێڵ و هەڵخەڵەتاندن و ناپاکی لە ئەمانەت وەکو حەزێك لەلای ئەو بۆ تۆڵەکردنەوە لە کۆمەڵگا ئەمە لەلایەك، تێرکردنی پێداویستی و ئارەزووە مادديیەکانی لەلایەکیتر(أبوعليان، 2016، ص:48).

(*) ولیام ئەدریان بونجەر (Willem Adriaan Bonger) (1876-1940) زانایەکی هۆڵەندی بوو، یەکێکە لە بەناوبانگترینی ئەو زانایانەی لە سەدەی نۆزدەم و بیستەم لە دیاردەی تاوانیان کۆڵیوەتەوە، لەساڵی (1899) دەستیکرد بە توێژینەوەی تاوان و لەساڵی (1905) یەکەم کتێبی بە ناوی (تاوان و بارودۆخە ئابورییەکان) بڵاوکردەوە، لە گرنگترین کتێبەکانی (ئایین و تاوان 1913)؛ (پێشەکیەك لە تاوانناسی 1932) و (ڕەچەڵەك و تاوان 1939). بۆ زانیاری زیاتر تەماشای ئەم سەرچاوەیە بکە: ڕزگار محمد قادر گەڵاڵی. (2000) چەند وانەیەك لە تاوانناسی. چاپی سێیەم. هەولێر: چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n2y2024.pp31-47

ناوەڕۆکی ئەم تیۆرە؛ بریتییە لەوەی سیستەمی سەرمایەداری هۆکاری ئەنجامدانی ڕەفتاری تاوانکارییە، ڕاڤەکردنی ئەمەش بەشێوەیەکە ئەم سیستەمە لەسەر کۆمەڵێك بنەما وەستاوە، هەر یەك لەم بنەمایانەش بە پاڵنەری جۆرێك لە جۆرەکانی ڕەفتاری تاوانکاریی دادەنرێت، نمونەش بۆ ئەمە؛ بەدیهێنانی قازانجە بۆ تاك، بازرگان ئارەزوی ئەوە دەکات گەورەترین قازانج بکات، ئەمەش لەوانەیە کاڵاکەی بە بەرزترین نرخ بفرۆشێت، بۆیە پەنا بۆ ساختەکاری، فێڵ و هەڵخەڵەتاندن دەبات، هەروەها کێبڕکێی نێوان سەرمایەدار و بازرگانان زۆرجار وایان لێدەکات پەنا ببەنە بەر بەکارهێنانی شێوازی ناڕەوا، بۆئەوەی بتوانن پێگەی بازرگانی خۆیان لە بواری ئابوری جێگیر بکەن، هەروەها بونی چینی خاوەن کار (سەرمایەدار) و چینی کرێکار و قۆستنەوەی (استغلال) چینی دووەم لەلایەن چینی یەکەمەوە؛ دەبێتەهۆی دروستبونی پاڵنەری ئەنجامدانی ڕەفتاری تاوانکاریی(القاضي, 2013, ص:68-69).

ئەو هۆکارانەی دەبنەهۆی دروستبونی تاوان لەلای کرێکاران، زۆری کاتژمێرەکانی کارکردن، کەمی کرێ، خراپی مامەڵەکردن لەگەڵیان و ترس لە داهاتوی خێزانییە، لە ئەنجامدا تاوانەکانی دزی، فێڵ و هەڵخەڵەتاندن و ناپاکی لە ئەمانەت زیاد دەکات(عبدالستار, 2007, ص:57-58). ئاڵوگۆڕی خراپی ئابوری کاریگەریی ڕونی بەسەر نرخ و هەڵدەستەوە دەبێت، و ئەمەش دەبێتەهۆی زیادبونی قەبارەی تاوانەکانی دارایی، وەکو؛ دزی، فێڵ و هەڵخەڵەتاندن و ناپاکی لە ئەمانەت، بەهۆی نزمبونەوەی ئاستی بژێو و قورسبونی باری سەرشانی تاکەکان بە بارقورسی دارایی تازە کە ڕوبەڕوی چەندان کێشەی دارایی دەکاتەوە، بەمەش توانای دابینکردنی پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیانی ڕۆژانەیان نامێنێت(حبیب، 2016، ل:138).

ئەم تیۆرە بەشێك لە ڕاستی تێدایە، کە توێژینەوە و ئامارەکان ئاماژە بە پەیوەندی نێوان بارودۆخی ئابوری و تاوان دەکەن، ئەگەر بارودۆخە ئابورییەکە باش بێت، دەبێتەهۆی کەمبونەوەی تاوانەکان بەتایبەتی تاوانەکانی دەستدرێژیکردن بۆ سەر پارە و سامانی خەڵك. تاوانە داراییەکان و، خراپبونی بارودۆخە ئابورییەکەش دەبێتەهۆی زیادبونی ڕێژەی تاوانەکانی وەکو: دزی، فێڵ و هەڵخەڵەتاندن و ناپاکی لە ئەمانەت(عبدالستار، 2018، ص:56)، هەروەکو: توێژینەوە ئابورییەکانی (ئەلفرێد مارشال، هینری جورج، چارلس بوث، کارل مارکس، جاکوب ریس و ولیام بونجەر) ئاماژەیان بە گرفتی هەژاری کردووە وەکو یەکێك لە دیارترین دیاردە ئابورییەکان بۆ شیکردنەوەی پەیوەندی ئابوری بە ڕەفتاری تاوانکاریی وەکو: دزیکردن (الدوري, 1984، ص:100).

2- تیۆرەکانی وردەکەلتور (Subcultural Theories):

تیۆرەکانی وردەکەلتور هەوڵیانداوە ڕەفتاری لادەر بە سەرنجێکی تایبەت لەسەر (تاوان و لادان) شیبکەنەوە، لە ڕوی هۆکارەکانی پشتەوە, هەروەها پرۆسە و ئەنجامەکانی لەسەر بنەمای دەروازەیەکی دەرونی کۆمەڵایەتی – کەلتوری, ئەگەر ئەو ناساندنەی سەروە ئاماژە بە وردەکەلتور بکات، ئەوە نوێنەرایەتی سیستەمێکی کەلتوری گشتگیردەکەن، واتە چەند بوارێکی وردەکەلتور لە کۆمەڵگادا هەیە (جابر, 2000، ص.145).

أ- (تیۆری میللەر) (والتەر میللەر) (Walter Miller):

میللەر، توێژینەوەی لە گەڕەکە هەژارنشینەکانی شاری (بۆستن) ئەنجامدا، لە ئەنجامی توێژینەوەکەی دەرکەوتووە کە بەهای خەڵکی چینە هەژارەکان دەبێتە هۆی لادان، چونکە زۆربەی هەژارەکان لەو ماڵانەدا گەورە بون کە پیاویان کەمبو، بۆیە فێربونی هەڵسوکەوت و هەڵوێست و ئاڕاستەی پیاوانە و دروستبونی وردەکەلتور لەلایەن هەرزەکارانەوە گرفتی تایبەتی دەسەپێنێت, کە دەبێتەهۆی لادان و تاوان (Miller, 1958, p.9).

(میللەر) لە توێژینەوەکەیدا لەساڵی (1958), هۆکاری لادان لەلای کەسانی چینی خوارەوە بۆ نەبونی ڕۆڵێکی باشی باوک لە خێزان و ئەو کارەی دایکدا دەگێڕێتەوە، سەرەڕای ئەوەش بەشداری و تێوەگلان لە باندێکی چەتەیی یارمەتیدەری لادەرەکانە بۆ پەرەسەندن و پەرەپێدان بە پێداویستییەکان و ڕەفتارەکانیان, کە لەگەڵ بەرژەوەندی و گرنگیدان بەم لایەنە لەلای چینی خوارەوەدا بگونجێت، کەواتە لادانی خەڵکی چینی خوارەوە بەهۆی ئەو هەڵچونە دەرونییەوە نییە کە تێیدا دەژین، بەڵکو بەهۆی ئەو بارودۆخانەیە کە لەسەروتر باسکرا، هەروەها (میللەر) پێیوایە لادەرەکان لەڕوی توانای جەستەیی و کەسییەوە نوێنەرایەتی بەتواناترین گەنجانی گەڕەک دەکەن (زریقات، 2007، ص.11).

(میللەر) لە پوختەی قسەکانی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات؛ ئەو ڕەگەزەی کە باڵادەستە لە دروستکردنی ڕەفتاری لادەرانە؛ پەیوەستە بە چونی تاکەکانی چینی نزم (هەژار) بۆ نێو گروپەکانی سەر شەقام، بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانج و پێگە و ئەو بارودۆخەی کە بە بەهایە سەبارەت بە ئەوان، هەروەها هەوڵدان بۆ خۆدورخستنەوە لەو ئامانج و پێگە و بارودۆخە بێ بەهایانەی لەڕێگەی ئەو ئامرازانەی کە ژینگە کەلتورەکەیان بۆیان دەرەخسێنێت و بە ئاسانی و گرێنتی پێیدەگەن(Nietzel, 1979, p:64-65). (میللەر) لە ساڵی (1958) باسی ئەوەی کرد کە کەتنی چینی کرێکار توندوتیژە بەرامبەر بەها و پێوەرەکانی چینی ناوەند، لە توێژینەوەکەیدا لەسەر کەلتوری چینی نزمدا دەریخستووە, کە گروپی توندوتیژ یەکێکە لە شێوازەکانی کەلتوری تایبەتی لادان، بەڕای (میللەر) دەکرێ لە پاڵنەرەکانی ڕەفتار تێبگەین؛ ئەگەر بتوانین لە سروشتی ئەو هێزە کەلتورییە تێبگەین, کە دەتەقێتەوە و لە ڕەفتاردا دەردەکەوێت، کە لەلایەن خودی بکەرەکەوە درکی پێدەکرێت زیاتر لە چوارچێوەی کەلتوری کەسێکیتر هەستی پێبکرێت. (میللەر) شەش ڕەهەندی بنچینەیی دیاریکرد, کە لە ڕێگەیەوە کەلتوری تایبەتی چینی خوارەوە پێکدەهێنێت، کە ئەمانەن: (السمري، 2011، ص.228).

1- دروستکردنی کێشە (Trouble):

دەتوانرێت وەک پابەندبون بە ڕەفتارەکان پێناسە بکرێن, کە ڕێز لە یاساکان ناگرن, یان بە واتایەکیتر گرفتێکە بۆ کەسانی دەوروبەری، (میللەر) گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە خەمی خەڵکی هەژار ئەوەیە کە سەرقاڵی ئەو چالاکییانەن, کە دەبێتەهۆی کێشە، واتە خەڵک دەستێوەردان لە کاروباری ژیانیاندا دەکات و، نوێنەرایەتی کەلتوری چینە ناوەندەکان ناکەن، نمونە بۆ ئەمە جێهێشتن، یان دەرچونی لە قوتابخانە, دەبێتەهۆی ئەوەی توشی کێشە بن, کە ئەمەش ڕەنگدانەوەی لەسەر پەیوەندیەکانیان هەیە و یاسا پەسەند ناکەن (الوريكات, 2013, ص.164).

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n2y2024.pp31-47

2- هێز و توندی: (Toughness):

ئەم ڕەهەندە لە ڕێگەی کەلتوری چینی خوارەوە کۆمەڵێک تایبەتمەندی ئاڵۆز لەخۆ دەگرێت, کە ڕەنگە گرنگترینیان هێزی جەستەیی و توانای خۆڕاگری و بوێری لە ڕوبەڕوبونەوە و لێدانی ئەوانیتر بێت، بۆیە دەبێتەهۆی نەبونی لە هونەر و ئەدەب و جوانی و بوێری لە بەرامبەر مەترسی جەستەییدا.

3- لێهاتویی (Smartness):

ئەو چەمکە لە کەلتوری چینی نزمدا, ئاماژە بەتوانای فێڵکردن و فریودان و هەڵخەڵەتاندنی ئەوانیتر دەکات، هەروەها ئاماژە بە توانای بەدەستهێنانی بەهای خۆی دەکات بە بەکارهێنانی زیرەکی عەقڵی تا ئەو ڕادەیەی, کە بکرێت بە کەمترین هەوڵی جەستەیی و ماندوبون بتوانێت ئەنجامیبدات. لێرەدا کەسی نمونەیی ئەو کەسەیە, کە دو خەسڵەتەکە تێکەڵدەکات. بەڵام کەسێک کە پشت بە زیرەکیی عەقڵی دەبەستێت عادەتەن بە تواناترە لە کەسێک کە پشت بە توانای جەستەیی یان هێزی خۆی دەبەستێت. ئەمەش ڕەنگدانەوەی لایەنێکی گرنگی کەلتوری چینی خوارەوەیە, کە نرخاندن و ڕێزگرتنە لە زیرەکی و توانای عەقڵیان (السمري، 2011، ص.229).

4- وروژاندن (Excitement):

تایبەتمەندی ژیانی ئەندامانی چینی خوارەوە بە تاکرەوی و نەبونی گۆڕان دیاریدەکرێت و, لەبەر ئەوە ئەندامەکانی بە دوای ئەو کردەوانەدا دەگەڕێن کە هەستی جۆش و خرۆش لەلایان دروستدەکەن و, دۆخی تاکرەویان لادەبات بە خواردنەوەی کحول و قومارکردن و ئەنجامدانی کاری سێکسی، بۆیە تاکەکان پەسندی دەکەن لە هەوڵێکدان بۆ دروستکردنی کەش و هەواییەکی هەست بزوێن و جۆش و خرۆش (معتوق، 2014, ص.351).

5- باوەڕهێنان بە چارەنوس (Fate):

گەڕان بەدوای جۆش و خرۆشدا پەیوەستە بە دادپەروەریی, یان چارەنوس, یان بەختەوەریی، چونکە زۆرێک لە ئەندامانی چینی خوارەوە هەستدەکەن بەدەوری کۆمەڵێک هێزدا دەڕۆن, کە ناتوانن کۆنترۆڵی بکەن, یان بەسەریدا زاڵ بن و توانای گۆڕینیان نییە، بۆیە بەخت و سامان بەشێکی بنەڕەتی چارەنوسن.

6- سەربەخۆیی (Autonomy):

ئەندامانی چینی خوارەوە لە ژینگەیەکدا سەرهەڵدەدەن, کە بە کۆمەڵێک ڕێسای دیاریکراو بە پێوەرەکانی ڕەفتار بەڕێوەدەبرێن، ئەم ڕێسایانە لەسەر هەمویان بەستراون. ئەندامانی چینی خوارەوە هەست بەوە دەکەن کە ناچارکراون پابەند بن بەو ڕێسایانەوە, ئەمەش وایان لێدەکات ئەو ڕێسایانە پێشێل بکەن و پابەندی نەبن و، بەو هۆیەوە هەوڵی بەدەستهێنانی ئازادی و سەربەخۆیی بدەن و ڕەفتار بکەن، بۆیە ئەمەش وایان لێدەکات هەست بە ئازادی بکەن (الوريكات, 2009, ص.135).

ب- کلوارد و ئۆهلن (تیۆری لێکنەچونی هەل) ( The Defferential Opprttuity):

لە چوارچێوەی تیۆری وردە کەلتوردا، (کلوارد و ئۆهلن) بە زاراوەی لێکنەچونی هەل باسی دەکەن. لێرەدا ڕەگ و ڕیشەی تیۆری لێکنەچونی هەل بۆ وتارێک کە لەلایەن (کلوارد)ەوە لە ساڵی (1959) دەگەڕێتەوە پاشان لە لایەن (کلوارد) و (ئۆهلن) پێکەوە لەساڵی (1960) پەرەپێدرا، هەوڵدانێکیش بو بە سود وەرگرتن لە تیۆری ئەنۆمی(*) لە لایەن (میرتۆن)ەوە کە بایەخی دابو بە سەرچاوە کۆمەڵایەتییەکانی لادان، لەگەڵ تیۆری تێکەڵبونە جوداییەکان لەلایەن (سزرلاند) کە گرنگی دابو بە چۆنییەتی گواستنەوەی ڕەفتاری لادان و تاوانکاریی بۆ تاکەکان و گروپەکان لە ڕێگای پرۆسەی فێربونەوە (السمري، 2011، ص.218).

(کلوارد و ئۆهلن) بە شێوەیەکی سەرەکی گرنگییاندا بە شێوەی سەرهەڵدانی گروپە لادەرەکان لە چینەکانی خوارەوە، لەگەڵ ئەو هۆکارانەی، کە دەبنەهۆی دەرکەوتنی کەلتورێکی تایبەتی لادان. ئەگەر شکستی تاکەکان لە بە دەستهێنانی ئامانجەکانیان پەیوەست بێت بە بنیادنانی کۆمەڵایەتییەوە، یان بەهۆی نەبونی دەرفەتەوە بێت؛ ئەگەری زۆرە تاکەکان بەدوای چارەسەرێکی بە کۆمەڵ یا پێکەوەیی (گروپات) بگەڕێن، ئەو چارەسەرەش کەلتوری تایبەتی تاوانبارە، بەڵام ئەگەر شکستهێنان و سەرنەکەوتن لە بەدیهێنانی ئامانجەکان بە کارەکتەری تاکەکەسی تایبەتمەند بێت، ئەوا تاک بەدوای چارەسەرێکی تاکەکەسیدا دەگەڕێت بۆ کێشەکەی. لەبەر ڕۆشنایی ئەمەشدا تیۆرەکەی (کلوارد و ئۆهلن) چوار توخم بەیەکەوە دەبەستێتەوە:

1- ڕێکخستنی هەلی جیاواز (شەرعی یان لادان).

2- بەدیهێنانی ئامانجەکان لەڕێگەی ئامرازی ڕەوا، بەدینەهێنانیشی دەبێتەهۆی دارمانی کەسەکە.

3- سەرهەڵدانی کەلتورێکی تایبەتی لادان وەک چارەسەرێکی پێکەوەیی بۆ کێشەی دارمانی کەسەکە.

4- بەکارهێنانی ئامرازی لادان بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکان (السمري و اخرون، 2010، ص.53).

تیۆری لێکنەچونی هەل لە شیکردنەوەی ڕەفتاری لادەردا ئەوە دەخاتەڕو، گەنجانی چینی خوارەوە لە ناوچە شارنشینیەکان لە جیهانێکدا دەژین، کە بەدەست بۆشاییەکی گەورە دەناڵێنن لە گەیشتن بە هیوا و ئامانجەکانیان بە ڕێگای ئامرازی ڕەوا، لە نەبونی دەرفەت بۆ گەیشتن بە هیوا و ئامانجەکانیان تەنیا دەرفەتی لادانیان لەبەردەستدایە بۆ گەیشتن بەم ئامانجانە. دابڕانێك یان پچڕانێک لە نێوان ئەوەی گەنجی چینی خوارەوە ئارەزوی دەکات و، ئامرازە ڕەواکانی بەردەست نییە بۆ گەیشتن بە پێگەی باش و ئاواتەکانیان، بۆیە ئەمە سەرچاوەی سەرەکی گرفتی گونجاندنە (السمري، 2011، ص.219).

ئەو نەوجەوانە لادەرانەی کە لە چینە هەژارەکاندان، دەرفەت و ئامرازە ڕەواکان بە تەواوی بەرامبەریان داخراون، وەک پێکهاتەی کۆمەڵایەتی جێگیر لەڕوی ئەو دەرفەتانەی بۆ هەندێک گروپ یان چینێکی دیاریکراو بەردەستن. ئەم گەنجانە دەرفەت

(*) ئەنۆمی بە مانای نا پابەندی بە پێوەر و بەها کۆمەڵایەتییەکان و پشتگوێخستنیان، یان لادانی کۆمەڵایەتی، بە زمانی عەرەبی پێیدەگوترێ (اللامعياري).

Original Article |DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n2y2024.pp31-47

له بونیادی کۆمەڵایەتی جێگیر لە ڕوی تاوانکارییەوە وەک بونیادی کۆمەڵایەتی دووەم نادۆزنەوە، لێرەدا بەشداریی دو جیهان دێتە ئاراوە لە ڕوی وەلامدانەوەی بۆ بونیادی کۆمەڵایەتی بە ئاماژەدانی دەرگای ڕەوا و ناڕەوا بەڕوی نەوجەوانان لە چینە هەژارەکاندا دادەخرێت. (کلوارد و ئۆهلن) پێشنیازیان کرد سێ مۆدێل هەیە بۆ لادانی باندەکان کە وردەکەلتورەکان پێکدەهێنن، بریتین لە: تاوانکاریی، ململانێ و پاشەکشێ ( Crimial, Cnflict and Retreatist). (Cloward and Ohlin, 1960, p.175).

سەبارەت بەو سێ شێوەیە، (کلوارد و ئۆهلین) دیدگای خۆیان بەم شێوەیە کورتدەکەنەوە، یەکەمیان؛ تاوانکاری: بەتایبەتی لەلای چینی هەژارەکان گەشە دەکات، تاکەکان لە گەڕەکە پەراوێزخراوەکان ناتوانن پێداویستی و ئامرازی ڕەوا بۆ سەرکەوتنی ئامانجەکان دابینبکەن، ئەمەش دەبێتە هۆی ڕەفتاری تاوانکاریی. دووەمیان؛ ململانێ: کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی لەم گەڕەکانەدا لاوازە و ئەم بارودۆخانە دەبنەهۆی سەرهەڵدانی وەردەکەلتوری ململانێ، لێرەدا تاك پەنا بۆ توندوتیژی دەبات، کە ئامرازێکە بۆ باشترکردنی پێگەی کۆمەڵایەتییان، بەشێوەی تایبەت لە ژینگە کۆمەڵایەتییە بچوکە لێکهەڵوەشاوەکەیان، بەشێوەیەك هەڵبژاردنی ڕون لەبەردەم ئەو گەنجانەدا نییە، لەنێوان ئامرازە ڕەوا و ناڕەواکان، بۆیە پەنا دەبەنەبەر هەڵبژاردنی توندوتیژی وەك ئامرازێك بۆ سەلماندنی پێگەکەی، نەك تەنها لەبەر تورەیی و داڕمانیان، بەڵکو لەبەر بونی ڕێگای توندوتیژی، ئەگەر دەرفەتی ناڕەوا لە بونیادی کۆمەڵایەتیدا لەبەردەستدا نەبێت، ئەوە لێکترازان ڕودەدات و جێگروەکەشی لێرەدا بریتییە لە وردەکەلتوری ململانێ (Conflict Subculture). لە کۆتاییدا؛ پاشەکشێ: دەست پێگەیشتن بە دەرفەتەکان سنورداره، بۆیە دەبێتە پاشەکشێ لە ئامانجەکانی کۆمەڵگا و ئامرازە ڕەواکان، (کلوارد و ئۆهلین) پێیانوایە؛ بە تێپەڕبونی کات پەرە بە وردەکەلتورێکی پاشەکشەیێ دەدەن، دەتوانرێت وەک ئەندامی باندەکان وەسفبکرێن بە هەر هۆکارێك بێت، ئەمشێوەیە پەیوەستە بەو تاکانەی تێکەڵ بە دروستبونی وردەکەلتوری تاوانکاری و ململانێ دەبن، لەو کاتەدا ئارەزوی دورەپەرێزی و دورکەوتنەوە لە کۆمەڵگا دەبن، بەهۆی ئالودەبون بە مادده هۆشبەرەکان (بلال, 1992, ص:112-111).

دەکرێت بڵێین ئەم تیۆرە هەردو تیۆری(ئەنۆمی میرتۆن) کە باس لە بونیادی کۆمەڵایەتی و پاڵەپەستۆ و ئەنۆمی دەکات و، تیۆری (تیکەڵبونە جوداییەکان) لای (سزرلاند) لە قوتابخانەی شیکاگۆ بە یەکتری بەستۆتەوە، یاخود بونیادی کۆمەڵایەتی و کردە کۆمەڵایەتییەکانی پێکبەستۆتەوە، بۆیە ئەم تیۆرە وای دەبینێت شێوازەکانی وردەکەلتور؛ ڕەفتاری لادەر (تاوانکاری، ململانێ و پاشەکشێ) دیاریدەکات. خاڵە سەرەکییەکانیشی ئەمانەی خوارەوەن:

1- ئەندامانی کۆمەڵگا بەشدارن لە سیستەمێکی بەهای هاوبەش، کە جەخت لەسەر هەندێک ئامانجی ژیان دەکاتەوە، بەتایبەتی هەوڵدان بۆ سەرکەوتن.

2- ڕێگای ڕەوا و ناڕەوا بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی ژیان هەیە.

3- ئامرازی ڕەوا و ناڕەوا بە یەکسانی بۆ هەمو چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکان بەردەست نییە.

4- کەسانی چینی باڵا و ناوەند لە بونیادی کۆمەڵایەتیدا دەرفەتی ڕەوایان بۆ دەرەخسێت، وەک خاوەن کار، سیاسەت، بیر و ئابوری، لە کاتێکدا دەرفەتی ناڕەوا لە بونیادی کۆمەڵایەتیدا بۆ کەسانی چینی هەژار بەردەستە (تاوانی ڕێکخراو).

5- ڕادەی تەواوکاریی یان یەکخستنی هەلی ڕەوا و ناڕەوا ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی ئەو ناوچەیە یان گەڕەکە دیاریدەکات، ناوچەکە یان گەڕەکەکە تەواوکاریی یان یەکخستنی کەمتر بێت، هەڵوەشاندنەوە و دورەپەرێزی زیاتر دەبێت.

6- ئەو گەڕەکانەی بە ڕێکخستن و تەواوکاریی تایبەتمەندن؛ پەیوەندییان بە بونیادی کۆمەڵایەتی بۆ دەرفەتە ناڕەواکان هەیە، ژینگەیەکی فێرکاریی بۆ ڕەفتاری تاوانکاریی (تاوانی ڕێکخراو) دابیندەکەن (الوریکات, 2008, ص.160).

**حەوتەم: ژینگەی پاڵنەرە ئابورییەکان و پەیوەندییان بە ئەنجامدانی تاوانەکانی دەستدرێژیی سەر پارە و سامان:**

لایەنی ئابوری؛ کۆڵەکەی ژیانەو لە هەمو کۆمەڵگایەکدا هەیە. مرۆڤەکان کار بۆ بەدەستهێنانی بژێوی ژیان دەکەن, لە ڕێگای بەکارهێنانی سامانە سروشتییەکان بە کارکردن و بەرهەمهێنان و دروستکردن. توانا لە بەرهەمهێنان هەمو کاتێك مەیدانێك نادۆزێتەوە، بۆ دەستکەوتی ماددی، بەهۆی کەمی یان بچوکی بوارەکانی بەرهەمهێنان و زۆربونی ململانێ و پێشبڕکێ و کاری زۆر؛ لە بازاڕی کاردا، یان قەیرانی ئابوری کاتی و بەردەوام، وەك؛ بێکاری، دواکەوتنی پیشەسازی و بازرگانی, یان ئەو دۆخانەی هاوشێوەی ئەمانەن. کۆمەڵگاکان هەمیشە گلەییان لێ هەبووە، ئەمەش دەبێتەهۆی جیاوازی لە داهاتی تاك و دابینکردنی پێداویستییە سەرەکییەکانی، بەشێوەیەك وای لێدەکات دەچێتە ڕیزی چینە هەژارەکان، یان ڕیزی دەوڵەمەندەکان، یان لە پێگەی نێوان هەردوکیان, هەروەها ئامارەکان ئەوە دەسەلمێنن کە زۆربەی لادەر و تاوانبارەکان لە ڕیزی هەژار و پێویستدارەکانن، ئەمەش بەنزیکەیی لە هەر وڵاتێك لە وڵاتانی جیهاندا بەمشێوەیە (العوجي, 2017, ص.608).

بۆ دەرخستنی کاریگەریی بارودۆخی ئابوری لەسەر تاوان؛ زانای بەلجیکی (ئەدۆلف کیتلیە) و زانای فەرەنسی (ئەندریا میشێل ڤێری), گەیشتنە ئەو بڕوایەی کە هۆکاری ئابوری ڕۆڵێکی دیار و بەرچاو لە ڕودانی دیاردەی تاوان دەبینێت ، بەبێ ئەوەی گرنگی هۆکارەکانیتر ڕەتبکەنەوە وەك ژینگە، تەمەن، ڕەگەز، خێزان، قوتابخانە، هاوڕێ و رۆشنبیری (نجم, 2006: ص:61). کەواتە هەندێکجار بارودۆخی ئابوری خراپ دەبێتەهۆی دروستبونی ڕەفتاری تاوانکاریی, ئەمەش بووەتە جێگای لێکۆڵینەوە و بایەخی زۆرێك لە زانایان و پسپۆڕانی بواری کۆمەڵناسی و تاوانناسی؛ هەندێك لە زانایان وای دەبینن کەوا چالاکی ئابوری کاریگەریی گەورەی لە ئاراستەکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و دیاریکردنی شێوازەکەی هەیە, لەبەرئەوەی هۆکاری ئابوری, دەستدەگرێ بەسەر ڕەفتار و چالاکییەکانی مرۆڤ؛ لەناو ئەوانەش ڕەفتاری تاوانکاریی, ئەمەش مانای وایە ڕەفتاری مرۆڤ ملکەچی ئەم هۆکارەیە, لێرەوە دەتوانین بڵێین بارودۆخی ئابوری, کە مەبەستمان هۆکارەکانی هەژاری, بێکاریی, هەڵکشان و داکشانی

ئابورییە؛ ئەو هۆکارانەیە, کە دەبنەهۆی بیرکردنەوە لە تاوان و پاڵنەرێکیشن بۆ ئەنجامدانی تاوان(ابراهیم, 1998, ص:99).

کاتێك باس لە تاوانە داراییەکان دەکەین، لە سەرەتادا مەبەستمان جیهانی ئابورییە، وەك؛ ژینگەیەکی تایبەت بۆ سەرهەڵدان و گەشەکردنی تاوان تیایدا، گومانی تێدا نییە، کە جیهانی ئابوری لەگەڵ گەشەسەندنی شارستانییەتی مرۆڤایەتیدا گەشەیکردووە، بۆیە دەکرێت لەم سۆنگەیەوە تاکەکان بەمەبەستی زیاتر دەوڵەمەندبون، یان بەدەستهێنانی سامانی زیاتر بۆ باشکردنی گوزەران، دوچاری تاوانەکانی دەستدرێژی بۆ سەر پارە و سامانی خەڵکیتر ببن، لەرێگای دزی، فێڵ و هەڵخەڵەتاندن و ناپاکی لە ئەمانەت.

لەم توێژینەویەدا، بە دیاریکراوی تیشك خراوەتەسەر چەشنەکانی پاڵنەرە ئابورییەکان، کە بریتیین لە پاڵنەرە ئابورییە گشتییەکان, ئەمەش؛ (أ- بەرەوپێشچونی دۆخی ئابوری. ب- ناجێگیری دۆخی ئابوری) لەخۆ دەگرێت, هەروەها پاڵنەرە ئابورییە تایبەتییەکان, کە پێکهاتووە لە (أ- هەژاری. ب- بێکاری), پەیوەندی ئەمانە بە تاوانەکانی دەستدرێژی سەر پارە و سامان, بەمشێوەی خوارەوە:-

1- پەیوەندی پاڵنەرە ئابورییە گشتییەکان (أ- بەرەوپێشچونی دۆخی ئابوری. ب- ناجێگیری دۆخی ئابوری) بە تاوانەکانی دەستدرێژی سەر پارە و سامان:

کاریگەریی پاڵنەری ئابوری لەسەر دیاردەی تاوانکاریی جیاوازە, بەگوێرەی ئەو ڕادەیەی کە پەیوەندی بە یەکێک لە دو دیاردەی سەرەکی ئابوری گشتییەوە هەیە؛ بەرەوپێشچونی دۆخی ئابوری, یان ناجێگیری دۆخی ئابوری, هەر یەکێك لەو دیاردانە پەیوەندی بە ڕەفتاری تاوانکاریی هەیە (عبدالستار, 2018, ص.183), چونکە ئەو دو دیاردە ئابورییە کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر ژیان و گوزەرانی تاك هەیە؛ بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیانی ڕۆژانە لە خواردن، نیشتەجێبون، جلوبەرگ و خواردنەوەدا(الفواعیر, 2017, ص.323).

بارودۆخ و گوزەران و ئازارەکانی ژیان؛ جموجۆڵی بازرگانی لە پشتەوەیە، هەروەها هەندێ چالاکیە تاوانییەکان لەژێر بەرگی سیاسیدا ئەنجامدەدرێن, ئەمەش مەسەلەیەکە بە تایبەتی سەبارەت بە توێژی گەنجان, بێکاریی، قەیرانی گەیشتن بە نیشتەجێبون و نرخە بەرزەکان؛ هەمو ئەم هۆکارانە لە قۆناغی یەکەمدا بەشدارن لە بەرجەستەکردنی بیرۆکەی توندوتیژی و پاڵنانی تاک بۆ قۆناغی دووەم, ئەگەر بارودۆخ گونجاو بێت دەیگوازێتەوە بۆ کرداری تاوانکاریی, کە ئازارە ئابورییەکانی ئەم کۆمەڵگایە هەندێکجار بە تایبەتی گەنجان ناتوانن بەرگەیان بگرن (عبدالمنعم, 2005, ص.327). لێرەدا مەبەست لە ناجێگیری دۆخە ئابورییەکان، مانای بارودۆخێکی لەناکاوە، کە کاریگەریی لەسەر یەکێك، یان زیاتر لە دیاردەکانی ئابوری هەیە، هەروەها بەرەوپێشچونی دۆخی ئابوری؛ هەمیشەیی و بەردەوام نین، بەڵکو لە ماوەی دیاریکراودا ڕودەدەن، لەگەڵ ئەوەشدا ناجێگیری و خراپی دۆخی ئابوری پەیوەندی بە دیاردەی تاوانەوە هەیە، وەك؛ بەرزونزمی نرخ، داهات و پاشەکشەی ئابوری (أبوتوتە, 2001، ص.260).

أ- بەرەوپێشچونی دۆخی ئابوری:

بەرەوپێشچونی دۆخی ئابوری واتە ئەو گۆڕانەی کە لەسیستەمی ئابوری دەوڵەتدا ڕودەدات، بەشێوەیەکی هێواش و پلەدار تا دەگاتە وێنەیەکی جیاواز لەو وێنەیەی کە پێشتر هەبو؛ دواتر ئەو گۆڕانکارییە جێگیر دەبێت و مەیلی ئاڕادەیەك سەقامگیر دەبێت، بۆ ئەو مەبەستەش نمونەیەک لە بەرەوپێشچونی دۆخی ئابوری بریتییە لە گۆڕینی ئابوری کشتوکاڵی بۆ ئابوری پیشەسازی(عبدالستار, 2018, ص.183), بۆ ئەمەش لە سەدەی نۆزدەهەم شایەتحاڵی گەشەکردنی سیستەمی ئابوری بووە؛ لە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپی و وڵاتانی تر و، لەنێو دیارترینیاندا ئەم گۆڕانکارییە یان بەرەوپێشچونەیە، ئەویش گواستنەوەی لە سیستەمی دەرەبەگایەتییەوە بۆ سیستەمی سەرمایەداری و گۆڕینی سیستەمی کشتوکاڵی بۆ سیستەمی پیشەسازی, بەهۆی شۆڕشی پیشەسازییەوە نیشاندەدا کە لەو کاتەدا سەرانسەری ئەوروپای گرتەوە. ئەم پێشهاتانە کاریگەریی ڕیشەیی و گرنگیان لێکەوتەوە لەسەر سروشتی ژیان لەناو کۆمەڵگا جا لە بواری ئابوری بێت یان لە بواری کۆمەڵایەتی بێت، ئەمەش توانای گۆڕانکاری و گواستنەوە لە سروشت و جۆری پەیوەندییەکان و شوێنەواری گەورەی لەسەر دیاردەی تاوان هەبووە(الزواهرة، 2013، ص:38).

کەواتە مەبەست لە بەرەوپێشچونی دۆخی ئابوری، ئەو گۆڕانکارییەیە کە لە سیستەمی ئابوریدا ڕودەدات، وەکو؛ وەرچەرخانی ئابوری کشتوکاڵی بۆ ئابوری پیشەسازی، بۆ نمونە بەرەوپێشچونی دۆخی ئابوری بەزۆری کۆمەڵێک دیاردەی لەگەڵدایە، وەک؛ کۆچکردن لە لادێکانەوە بۆ شار، بەرزبونەوەی ئاستی ژیان و، هەستکردن بە گرنگی کاڵای هاوردەکراو و شێوازەکانی ئاڵوگۆڕی بازرگانی، لێرەوە هەمو ئەو بوارانەی ئاماژەیان پێکراوە کاریگەرییان لەسەر دیاردەی تاوانکاریی هەیە، بۆ نمونە؛ باشتربونی ئاستی گوزەرانی ژیان، هەستکردنی تاک بە توانای خۆی و توانای بەدیهێنانی ئارەزووەکانی و تێرکردنی پێداویستییەکانی ژیانی، دەبێتەهۆی کەمبونەوەی ڕێژەی هەندێك لە تاوانەکانی وەکو: تاوانی دزیی ئەمە لەلایەك، لەلایەکیترەوە دەبێتەهۆی بەرزبونەوەی تێکڕای ئاستی ژیان، ئەمەش لەوانەیە ببێتەهۆی تاوانی تر، وەک؛ ڕۆیشتن بۆ شوێنەکانی کات بەسەربردن و ڕابواردن، خواردنەوەی مەی و تێرکردنی ڕەمەکە (غەریزە) سێکسییەکان، بە ڕێگایەکی ناڕەوا، بە مەرجێک ئاستی گوزەرانی ژیان؛ ئاسانکاریی بۆ ئەگەری گەیشتن بەمانەی کردبێت (المرواني, 2011, ص:131).

دیاردەی تاوان لەژێر سایەی ئابوری پیشەسازیدا سیمای تاوانکاریی شارەکانی بەدەستهێنا، چونکە هەر سیستەمێکی ئابوری سیمایەکی تایبەتی هەیە, کە بە تاوانکارییەکەی جیا دەکرێتەوە، وەک توێژەرانی تاوانناسی پێیانوایە ئابوری کشتوکاڵی بە توندوتیژی و دڵڕەقی یا توندی تایبەتمەندە، لە کاتێکدا ئابوری پیشەسازی بە خراپەکاریی, دزیی، بەرتیل، فێڵ و هەڵخەڵەتاندن و ناپاکی لە ئەمانەت تایبەتمەندە؛ ئەم تاوانانەش دەچنە چوارچێوەی تاوانەکانی دەستدرێژیی سەر پارە و سامان، بەو پێیەی تاوانەکانی زاڵبونیش بریتیین لە: ناپاکی لە ئەمانەت، بەرتیل، قاچاخچێتی، ساختەکاریی، دزیی و فێڵکردن(حسني، 1988، ص:123), وێڕای ئەمانە بەهۆی ئەو شۆڕشە پیشەسازییەی، کە لەو سەردەمەدا ئەوروپای گرتەوە، هەروەها کۆچکردنی خەڵك لە لادێوە بۆ شارەکان، ئەم پێشهاتانە کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر دیاردەی تاوانکاریی مێردمنداڵان هەبووە(علي و عبدالفتاح، 2021، ص:276).

لە ئەنجامی کۆچکردن لە لادێ بۆ شارەکان، دروستکردنی پرۆژە ئابورییەکان فراوان بو، بەهۆی ئەمەش بەرهەمەکان زۆر زیادیکرد، لەگەڵ ئەوەشدا دەرکەوتنی گرنگیدان بە ئاڵوگۆڕپی ئابوری و فراوانبونی بازنەکەی، بەشێوەیەك وای لێ هات نەتوانرا ئاڵوگۆڕپی بەرهەمەکان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بکرێت، بەهۆیەوە پرۆژەی بازرگانی گەورە دروستبو، جا لە بواری بازرگانی ناوخۆیی بێت، یان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بێت، دروستبونی ئەم پرۆژانەش بووەهۆی ئاڵۆزی شێوازەکانی بەڕێوەبردنیان، ئەمەش بۆتەهۆی زیادبونێکی بەرچاوی هەندێك جۆری تاوانی دیاریکراو؛ ئەو تاوانانەش بریتین لە: خراپی بەکارهێنانی متمانە، وەك: ناپاکی ئامانەت (زرارة، 2014، ص:179)، هەروەها ئاکامی ئەو پرۆژانەش بۆئەوە دەگەڕێتەوە، کە پرۆسەی ئاڵوگۆڕی دراو لە نێوان خۆیان و لایەنی دووەم ئەنجامدەدەن، ئەمەش مانای وایە ئەو پرۆژانە دەرفەت دەڕەخسێنێت بۆ دەستبەسەرداگرتنی ئەو پارانە بۆ بەرژەوەندی تایبەت؛ ئەگەر پرۆژە بازرگانییەکە گشتی بو، دەستبەسەرداگرتنی پارەکە بە تاوانی دەستدرێژیی سەر پارەی گشتی هەژمار دەکرێت، لە نمونەی ئەو تاوانانەی کە ڕێژەی جێبەجێکردنیان لەو پرۆژە بازرگانییە گەورانە بەرزبۆوە، وەکو؛ تاوانەکانی ساختەکردنی بەڵگەنامە، هۆی ئەمەش بۆ ئاڵۆزی مامەڵەکردن لەم پرۆژانەدا دەگەڕێتەوە، کە پێویستی بە پشتبەستن بە بەڵگەنامەی نوسراو بو، بۆ سەلماندن و دەرخستنی مافەکان، ئەمەش وایکرد دەرفەتی زیاتر بۆ ئەنجامدانی تاوانی فێڵ و هەڵخەتاندن و ساختەکردن بڕەخسێنێت(شمس الدين, 2012, ص:209).

سەرکەوتنی پرۆژە بازرگانییەکان بەرادەیەکی زۆر دەوەستێتەسەر پێشبڕکێ؛ هەندێك لە پرۆژە بازرگانییەکان بۆ سەرنج ڕاکێشانی کڕیار و دەستبەسەرداگرتنی بازار؛ ڕویان لە بەکارهێنانی شێوازی ناڕەوا کرد لە پێشبڕکێکردندا، ئەمەش بووەهۆی زیادبونی تاوانەکانی فێڵ و هەڵخەڵەتاندن لە بەرهەمە بازرگانییەکان و تاوانەکانی پێدانی چەکی بانکی بێپشتیوان و ناوزڕاندن، کە هەندێك بازرگان بەرامبەر بە پێشبڕکێکارەکانیان ئەنجامیدەدەن(القهوجي و الشاذلي, 1999, ص:229)، بەمەبەستی بەدەستهێنانی بڕە پارەیەکی زۆر بە شێوەیەکی ناڕەوا(حسن و سلمان, 2014، ص:27).

تاوانە داراییە جیاوازەکان کاریگەرترین و مەترسیدارترینن بۆ بەرنامەکانی گەشەپێدان و پێشکەوتنی شارستانی هەر کۆمەڵگایەک، بەوپێیەی بەرەوپێشچونی دۆخی ئابوری تێکدەدەن و زیان بە بەرژەوەندییەکان دەگەیەنن, هەندێکجار بەرەوپێشچونی دۆخی ئابوری کاریگەرپی دەخاتە سەر ئەو تاکانەی هەوڵی بەدەستهێنانی سامانی زیاتر دەدەن.

ب- ناجێگیری دۆخی ئابوری:

ناجێگیری دۆخی ئابوری، مەبەست لەو گۆڕانکارییانەیە، کە بەشێوەیەکی کتوپڕ و کاتی بەسەر هەندێک دیاردەی ئابوری کۆمەڵگادا ڕودەدەن، بەهۆی ئەو بارودۆخانەی، کە پاڵ بەو گۆڕانکارییانەوە دەنێت و دواتر لە قۆناغێکدا بارودۆخەکە نامێنێت، هەندێکجار لەوانەیە ڕودانیان دوبارە ببێتەوە، لەم چوارچێوەیەشدا ناجێگیری لە نرخ، داهات، بەهای پارە، خۆشگوزەرانی و بوژانەوەی ئابوری، کە لە دیارترینیانن لەخۆ دەگرێت (الشاذلي, 2009, ص:216). هەندێکجار لەوانەیە بەدوایدا بەرزبونەوەی هەڵاوسان لە نرخەکاندا ڕوبدات، بە تایبەت ئەگەر ڕێژەی بەرزبونەوەی داهاتەکان لە ڕێژەی بەرزبونەوەی بەرهەمهێنان زیاتر بێت (الخفاجي, 2009, ص:13).

لێرەدا ناجێگیری دۆخی ئابوری ئەو گۆڕانکارییە بەشێیەیە، کە بەسەر هەندێك دیاردەی ئابوری لە کۆمەڵگادا دێت، ئەو گۆڕانکارییانەش خەسڵەتی خێرا و ناجێگیرییان تێدایە، گرنگترین ئەو ناجێگیرییانەش، بریتیین لە هەڵکشان و داکشان لە داهات، نرخ و بەهای دراو(محمد، 2008 ص:319). ناجێگیری دۆخی ئابوری و نرخەکان پەیوەندیی بە زیادبونی ڕێژەی تاوانەکانی دەستدرێژیکردنەسەر کەسەکان و سەروەت و سامان هەیە، چونکە ئەو دۆخە ئابورییە خراپەی کە تاک پێیدا تێدەپەڕێت، بێتوانایی لە بەدەستهێنانی پێداویستییەکانی ژیان بۆی بەرهەمدەهێنێت، ئەمەش دەبێتەهۆی ئەوەی توشی شڵەژانە دەرونییەکان بێت و زیاتر لاواز بێت بۆ هەڵچون و شەڕکردن، بۆیە دەبێتەهۆی ئەنجامدانی تاوانی توندوتیژی، وەک: کوشتن، بریندارکردن، یان لێدان (محمد و عرفة, 2016, ص:320)، جگە لەوەش هەندێکجار زیادبونی داهات، کە لەگەڵ بەرزبونەوەی نرخەکاندا هاوتا نییە، ڕەنگە ببێتەهۆی ئەوەی هەندێک کەس بە زیادبونی داهاتەکەی لە هەندێک جۆری ڕەفتاردا خەرج بکەن، کە بەپێی یاسا بە تاوان دەناسرێت، وەک: ماددە هۆشبەرەکان، یان لەوانەیە پاڵ بە هەندێکیانەوە بنێ بۆ بەکارهێنانی ماددەی سەرخۆشکەر، ئەمەش کاریگەرییەکانی لەسەر دیاردەی تاوانکارپی هەیە (الشاذلي, 2009, ص:219).

لەکاتی ناجێگیری دۆخی ئابوریدا، ڕێژەی بێکاری بەرز دەبێتەوە و قەبارەی بەرهەمهێنان کەم دەبێتەوە، هێزی کڕین لاواز دەبێت و پاڵنەرەکانی زیادکردنی بەرهەم نامێنێت(الخفاجي, 2009, ص:13)، بۆ ئەم مەبەستەش ئامارە جیاوازەکانی زۆربەی وڵاتان ئەوەیان سەلماندووە، کە بەرزبونەوەی نرخ کاریگەرپی لەسەر دیاردەی تاوان هەیە، هەروەها دەرکەوتووە بەرزبونەوەی نرخی هەندێک لە کاڵا سەرەکییەکان، وەک: گەنم، گەنمەشامی و جۆ، کاریگەرپی ڕاستەوخۆیان لەسەر بەرزبونەوەی ڕێژەی تاوانەکانی دزیکردن هەیە، هەروەها ئامارە جیاوازەکانی وڵاتانی ئەڵمانیا و ڕوسیا بە هەمان ئەنجام گەیشتون(خلف، 1987، ص:343).

لێرەدا ناجێگیری دۆخی ئابوری و داهات، ئەو گۆڕانکارییەیە، کە بەسەر داهاتی تاکدا دێت، چ بە زیادبون بێت یان کەمبونەوە؛ ئەم گۆڕانکارییە کاریگەرپی لەسەر دیاردەی تاوانەکانی دەستدرێژیی سەر پارە و سامان هەیە، هەروەها کەمی داهات، بە واتای ئەگەر داهات دابەزی و نرخی کەلوپەل بە جێگیری بمێنێتەوە، ئەوا دەبێتەهۆی تاوان، یان لە حاڵەتی کەمی داهات، کە هاوتا بێت لەگەڵ نرخە نزمەکان، ئەوە توانای کڕین وەک خۆی دەمێنێتەوە و کاریگەرپی لەسەر تاوانەکانی دەستدرێژیی سەر پارە و سامان نابێت، چونکە هەوڵدانی تاک بۆ تێرکردنی پێداویستییەکانی بە شێوەیەکی ڕەوا دەمێنێتەوە (منصور, 2006, ص:87)، هەروەها لە ئەگەری ئەوەی داهات زۆر بێت و نرخەکەی کەمێک دابەزێت و، تاک بەردەوام بێت لە جێبەجێکردنی داواکاری و پێداویستییەکانی؛ ئەم گۆڕانکارییە کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر دیاردەی تاوانکاری نییە و هەر وەک خۆی دەمێنێتەوە، جگە لەوەش بەرزبونەوەی داهاتەکان لەکاتێکدا نرخەکان بە جێگیری دەمێنێتەوە و تاکەکان دەتوانن پێداویستیەکانیان دابین بکەن و، پێداویستییە

زیادەکانی وەکو: ڕێگا و شێواز و کەرەستەی کات بەسەربردن بەدەستبهێنن، هەروەها ڕەنگە پاڵ بە هەندێک کەسەوە بنێت بۆ تێرکردنی حەز و ئارەزو و شەهوەتەکانیان بەو شتانەی کە یاسا قەدەغەی دەکەن، وەک؛ مادده کحولییەکان و بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان، ڕادەی ئەم ڕەفتارە نایاساییەش لە دیاردەی تاوانکاریی بە تایبەت تاوانەکانی دەستدرێژیکردنە سەر شەرەف شاراوە نییە (تواتي، 2017، ص:11).

کاتێك داهات، وەکو؛ نرخ، کە بەرزی و نزمی بەهۆی ناجێگیری دۆخی ئابوری بەخۆیەوە دەبینێت، توێژینەوەکان دەڵێن پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان ناجێگیری داهاتی تاك لەگەڵ تاواندا هەیە؛ هەندێکجار نزمبونەوەی داهاتی تاك، دەبێتەهۆی زیادبونی تاوانەکانی دزی، چونکە ئەم دۆخە دەبێتە بەربەستێك بۆ دابینکردنی پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیان، بەهۆی ناجێگیری دۆخی ئابوری و هەڵاوسانیش ڕودەدات(محمد، 2014, ص:248). ئەڵمانیا لە ماوەی ساڵانی (1923-1925) شایەتحاڵی ڕوداوێکی لەمجۆرە بو, ئەم ڕوداوە لێکەوتەی تاوانکاریی گرنگی هەبو، چ بە زیادبونی ڕێژەی تاوان بە گشتی یان بە جیاوازی تێکڕای ئەنجامدانی زۆرێک لە تاوانەکان، بەجۆرێك تاوانەکانی دەستدرێژیی سەر پارە و سامان بە ڕێژەیەکی بەرچاو زیادیان کرد و گەیشتووەتە (250%)، هەروەها ژمارەی تاوانەکانی دزیکردن بۆ سێ ئەوەندەی پێش هەڵاوسان زیادیکرد, تاوانی فێڵ و هەڵخەڵەتاندنیش بەڕێژەیەکی دیاریکراو زیادیکرد، لەبەرئەوەی ئەمجۆرە تاوانە پێویستی بە خزمەتگوزاری ئابوری و چالاکی مامەڵەی بازرگانی هەیە (القهوجي و الشاذلي, 1999, ص:232).

(تارد) (1843-1904) پێیوایە تاوان بۆ هەژاری و دەوڵەمەندی مرۆڤ ناگەڕێتەوە، بەڵکو بۆ بەرزبونەوەی خێرا بۆ دەوڵەمەندی یان دابەزینی لەناکاو بۆ هەژاری دەگەڕێتەوە(بهنام، 1976, ص:193).

لە ئەنجامی توێژینەوەی (زانا احمد بیرداود) دەرکەوتووە کە خراپی دۆخی ئابوری هۆکاری خراپبونی باری گوزەرانی یەکەکانی توێژینەوەکە بووە، کە نەیتێشتووە بگەن بە ئامانجە مادديیەکانیان بە ڕێگای ڕەوا، ئەمەش هەستی خۆبەکەمزانی لە لایان دروستکردو ، لە ئەنجامدا بۆتە یەکێك لە پاڵنەرەکانی تاوان، بەتایبەت تاوانەکانی دەستدرێژیی سەر پارە و سامان، پێداویستی بیانوی تاکەکان بووە بۆ ئەنجامدانی تاوانەکانی دزی. زۆربەی تاوانەکان لە نێوان ساڵانی (2010-2015) لە لایەن کەسانی خێزاندار ئەنجامدراون، کە بەرپرسارێتی بەخێوکردن و دابینکردنی ژیانی ئەندامانی خێزانەکانیان لە ئەستۆ بووە(بیرداود،2017، ص:228).

لە ئەنجامدا دەتوانین بڵێین ناجێگیری دۆخی ئابوری لە داهات، نرخ و بەهای دراو، دۆخی دارایی و گوزەرانی خەڵك تێکدەدات، ئەمەش لە ناکاو و بەخێرایی ڕودەدات، لە ئەنجامدا بەهۆی نزمبونەوەی توانا لە دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیان و لەدەستدانی پێگەی ئابوری و کۆمەڵایەتی؛ مرۆڤ ڕێگای تاوان دەگرێتەبەر بۆ دابینکردنیان بە وێنەی ڕەفتاری دزی، فێڵ و هەڵخەڵەتاندن یان ناپاکی لە ئەمانەت.

2- پەیوەندی پاڵنەرە ئابورییە تایبەتییەکان بە تاوانەکانی دەستدرێژیی سەر پارە و سامان (أ- هەژاری. ب- بێکاری):

هەژاری یەکێکە لە پرسە دیارەکان بە درێژایی سەدەکانی ڕابردو، بەهۆی ئەوەی کە دەکەوێتە ناو پرسەکانی ڕەهەندە ئابوری و کۆمەڵایەتییەکانەوە، بەهۆی ئەو گۆڕانکاریی و بارودۆخەی، کە لە کۆمەڵگاکاندا ڕوویانداوە، چ لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، یان ناوخۆیی بێت، کە بەشداربون لە هێنانەدی چەند گۆڕانکارییەک لەسەر هەمو ئاستەکان، کاریگەریی و کاردانەوەی جیاوازی هەبو، جا چ لەسەر تاک و دامەزراوە، یان کۆمەڵگا بە گشتی.

أ- هەژاری:

مەبەست لە هەژاری واتە بێتوانایی تاك لە تێرکردنی کەمترین پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیان، کە شکۆ و مرۆڤایەتی تاك دەپارێزێت(القاضي، 2013، ص:181)، دەکرێ بڵێین داهاتی تاک ئەو پێوەرەیە کە توانای مرۆڤ بۆ تێرکردنی پێداویستییە سەرەتاییەکانی دیاریدەکات و، لەسەر ئەم بنەمایەش دەتوانرێت بارودۆخەکەی دیاریبکرێت کە ئایا هەژارە یان بە شێوەیەکی ترە(العوجي, 1987, ص:615). پەیوەندی هەژاری بە تاوانەوە پرسێکە لە کۆنەوە هەبووە, (ئەرستۆ و ئەفلاتون) باسیان لەوە کردوە و بۆچون و گریمانەیان لەبارەیەوە خستۆتەڕو؛ لێرەدا هەژاری بە خەملاندنی ئەوان، هەڵچونێکی کەم لای تاک دروستدەکات، ئەمەش لە ئەنجامی هەستکردنە بە نەبونی دادپەروەریی, ئەم دۆخەش دەبێتەهۆی تاوان و خراپەکاریی بە هەمو شێوەکانییەوە, بەتایبەتی تاوانی دەستدرێژیی سەر پارە و سامان(أوتاني و السراج، 2017، ص:128).

ئەو توێژینەوانەی کە شارەزایانی بواری تاوانناسی ئەنجامی دەدەن؛ ناتوانن تاوان لە بارودۆخی ئابوری تاک یان کۆمەڵگا جیابکەنەوە، بەڵکو پشتڕاستی دەکەنەوە، کە هەندێجار تاوان بۆ خراپی دۆخی ئابوری دەگەڕێتەوە ، لە ئەنجامی نەبونی توانای دابینکردن و داواکارییەکانی ژیان، یان نەتوانینی تێرکردنی پێداویستییەکان(المشيخص، 2005، ص:172). لەهەمانکاتدا دادپەروەریی وا دەخوازێت بڵێین ئەگەر هەندێکجار پەیوەندییەک لە نێوان هەژاری و تاواندا هەبێت، ئەوە ئەم پەیوەندییە دەبێتە یەکێك لە پاڵنەرەکانی تاوان(الحسيني، 2011، ص:137).

سەبارەت بە نەبونی هاندان و دروستنەکردنی گیانی کێبڕکێ لە نێوان تاکەکاندا، کە لە ئەنجامیشدا پاداشتی ماددی و مەعنەوی وەرنەگرن، لێرەدا بارودۆخی ژیانیان باشتر نابێت و کارەکانیان نوێ نابێتەوە، هەروەها داهێنەر نابن لە پرۆژەکانیاندا، بەمانایەکیتر هەژاری بەرهەمی ململانێی چینایەتییە لە نێوان چینی دەوڵەمەند و هەژاردا؛ وەک چۆن چینی یەکەم هەوڵدەدات قازانجەکانی زیاد بکات بە قۆستنەوەی (استغلال) هێز و وزەکانی چینی دووەم (هەژاران) و بەکارهێنانی بۆ خزمەتکردن، ئەم ململانێ چینایەتییە بۆ نەگەیشتن بە دادپەروەری ئابوری و کۆمەڵایەتی دەگەڕێتەوە ، لە ئەنجامدا دەبێتەهۆی تاوانەکانی دەستدرێژیی سەر پارە و سامان(استيتية و سرحان، 2012, ص.62).

لە توێژینەوەی (فهد أديهم بن براك) لەسەر ڕۆڵی هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان لە دیاریکردنی شێوەکانی تاوان لە وڵاتی سعودیە، دەرکەوت زۆربەی یەکەکانی نمونەی توێژینەوەکەی، تاوانی دزییان ئەنجامدابو، بۆ مەبەستی دابینکردنی پێداویستییە ماددییەکانی ژیان،

هۆکاری ئەمەش بۆ هەژاری و بێکاری دەگەڕێتەوە(براك، 2010، ص:54)، هەروەها (ئاشیش بهارادواج) لە توێژینەوەکەی پرسیارێکی خستەڕو: ئایا هەژاری دایکی تاوانە؟ ئامانجی ناسینی ئەو کەسانە بو کە لە خوارەوەی هێڵی هەژارییەنە و تاوان ئەنجام دەدەن، دەرکەوت هەژاری و نایەکسانی لە داهات کاریگەریی زۆری لەسەر قەبارەی تاوان هەیە، بە تایبەت تاوانەکانی دەستدرێژیی سەر پارە و سامان( Bharadwaj, 2014, p:31)، هەروەها لەم بارەیەوە چەندین توێژینەوە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەنجامدراوە، لەوانەش بۆنمونە: (بۆل لوینت) ساڵی (1941) توێژینەوەکەی لەسەر بەندکراوەکانی شاری (یانکی سیتی) کردووە و دەڵێت: لە کۆی ئەو بەندکراوانە (90%)یان سەر بە چینە هەژار و نزمەکان و لە ناوچە هەژارنشینەکاندا ژیانیان بەسەر بردووە. هەروەها (تۆماس ئەکوینی) (1274-1225) و (تۆماس مۆر) (1535-1478) هەمان ڕایان هەیە و هەژاری بە هۆکاری سەرەکی لە ڕەفتاری تاوانکاریدا دادەنێن ، پێیانوایە زۆربەی تاوانەکان بەتایبەتی دزیکردن پاڵنەری پێداویستی ماددی لە پشتەوەیە(بۆكانی، 2002، ل:13).

ئاڕاستەیەکیتر هەیە دەربارەی ئەو بۆچوونانەی باس لە هۆکاری ناڕاستەوخۆی هەژاری دەکەن، سەبارەت بەتاوانەکانی دەستدرێژیکردنە سەر پارە و سامان، وەکو؛ بیرمەندی ئیتاڵی (دیتولیو) پێیوایە کە هەژاری یەکێکە لە پاڵنەرەکانی ئەنجامدانی ڕەفتاری تاوانکارانە بە شێوەیەکی بەرێکەوت، بە واتایەکیتر بە دەگمەن هۆکاری سەرەکییە، بەڵام هۆکارێکی یاریدەدەرە بۆ دروستکردنی تاوانکاریی، چونکە هەژارانی باش ئەو جۆرە تاوانە پەسند ناکەن و ڕەفتاری تاوانکاریی ئەنجام نادەن و، تەنانەت هۆکاری هەژارییەکەی چەند توندیش بێت (العبادي, 2014، ص:518)، بۆیە هەژاری بارودۆخێکی کۆمەڵایەتییە هاوکاتە لەگەڵ دەوڵەمەندەکانی ناو کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا، ئەو دوانە لە هەمو کۆمەڵگا مرۆییەکان و لە هەمو قۆناغێکدا بونیان هەیە(اسـتيتية و سرحان، 2012, ص.58)، لەگەڵ ئەوەشدا سەبارەت بە پەیوەندیی ئاستی هەژاری تاک بە تاوانەوە، ناکرێت گشتگیر بکرێت و لە هەمو بارودۆخێکدا هەژاری بە هۆکارێکی سەرەکی تاوانکردن دابنرێت، چونکە جیهان پڕە لە خەڵکی هەژار و سەرەڕای ئەوەش تەنها هەندێکیان تاوانبار دەکرێن، ڕەنگە هەژاری بۆ هەندێک کەس پاڵنەرێک بێت لە پاڵنەرەکانی تاوانی دەستدرێژیی بۆ سەر پارە و سامان، لەبەر ئەوە دەوڵەمەندیش هەندێکجار تاوان ئەنجامدەدات، وەکو؛ تاوانی فێڵ و هەڵخەڵەتاندن و ناپاکی لە ئەمانەت(أبو عامر، 1993، ص:168).

ئاماری توێژینەوەکان ئاماژە بەوەدەکەن، کە ڕێژەی تاوان لە نێو هەژاراندا نزیکە لە ئاستی تاوانی دەوڵەمەندەکان. دەکرێت بڵێین هەژاری لە خۆیدا هۆکارێکی یاریدەدەرە بۆ تاوان، چونکە ڕەنگە پەیوەست بێت بە هۆکارەکانی ترەوە، کە دەبنەهۆی ئەنجامدانی تاوان و دزینی سەروەت و سامان (الحسيني، 2011، ص:137). بۆیە پەیوەندی ئاستی ئابوری تاک بە تاوانەوە یەکێکە لەو ڕاستییە بەڵگەنەویستانەی، کە ئەزمونەکانی ژیان نیشانی دەدەن، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک لە بیرمەندان پێیانوایە هەژارێکی ڕاستگۆ و باش بە گشتی تاوان پەسند ناکات، گرنگ نییە هەژارییەکە چەندە توندیش بێت، مەگەر پێکهاتەیەکی تاوانکاریی هەبێت(عبدالله، 1998, ص:174).

لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین هەژاری ئەو دۆخە ئابورییەیە کە پێگەی کۆمەڵایەتی و ئابوری مرۆڤ لاواز دەکات، بارێکی دەرونی خراپ لەلای دروست دەکات، بەهۆی لەدەستدانی توانای لە دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیان بۆ خۆی و ئەندامانی خێزانی بە ڕێگای ڕەوا، ئەمەش ڕەنگە پاڵیبدات بۆ ئەنجامدانی تاوانەکانی دەستدرێژیکردن بۆ سەر پارە و سامانی خەڵك، بەمەبەستی چاككردنی دۆخی خراپی گوزەرانی و تێرکردنی پێداویستییەکانی.

ب- بێکاری:

بێکاری ئەو دۆخەیە کە کەسێك توانا و ئارەزوی کارکردنی هەیە، بەڵام کار و کرێی گونجاوی دەستناکەوێت. بێکاری یەکێك لە گەورەترین ئەو گرفتە کۆمەڵایەتییانەیە، کە کاریگەریی لەسەر تاوان هەیە(منصور، 2006, ص.89)، بۆ ئەم مەبەستە (ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کار) ئەو ناساندنەی پەسندی کردووە بریتییە لە: (کەسی بێکار ئەو تاکەیە کە بێ کارە و توانا و ئامادەیی کارکردنی هەیە و لە ئاستی کرێیەکی گونجاودا بەدوایدا دەگەڕێت، بەڵام نایدۆزێتەوە) (صالح, 2017، ص.248).

توێژەران و شوێنکەوتوانی ئەو توێژینەوانەی کە گرنگییان بە لێکۆڵینەوەی ڕەفتارە تاوانییەکان داوە؛ بۆیان دەردەکەوێت کە هەندێك لەو تاوانانەی ئەنجامدەدرێن، ڕەنگە بەهۆی کەمی سەرچاوەی ماددی و خراپی بارودۆخی ئابوری و نەبونی سەرچاوەی بژێوی ژیانەوە بێت، ئەمەش لە ئەنجامی بێکاری، یان کەسەکە خۆی بێکار بێت(عبدالله, 2004, ص:231). بۆیە بێکاری بە ژینگەیەکی بەپیت دادەنرێت بۆ زیادبونی ڕەفتاری تاوانکاریی، بەتایبەت تاوانەکانی دەستدرێژیی سەر پارە و سامانی خەڵك، چونکە گەنجی بێکار نوێنەرایەتی وزەیەکی درەوشاوە و دیار و بەرچاو دەکات، کە ڕێگەی دەربازبون نادۆزێتەوە، بۆیە کردەوەی خراپەکاریی و کاری تاوانکاریی ئەنجامدەدات (زيدان، 2001، ص:371)، هەروەها بە ڕەچاوکردنی باوترین تاوانەکانی هەژارانی بێکار، بریتین لە دزی، کوشتن، سواڵکردن، بەرتیلدان، توندوتیژی، تاوان لەڕێگای چەک، تاوانی بێ ڕەوشتی، تاوانی بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان، شاردنەوەی کەلوپەلی دزراو، فێڵ و هەڵخەڵەتاندن و ناپاکی لە ئەمانەت(نعيم, 2004, ص:171).

جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی کە پەیوەندی بێکاری بە تاوانەوە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆیە، لەگەڵ ئەنجامدانی کردەوەی تاوانکاریی؛ واتە کەسێک، کە کارێکی نەبێت یان کارێک کە داهاتێکی جێگیر و پێویستی بۆ دابینبکات، یان لە کارەکەی دەربکرێت، ڕاستەوخۆ پەنا بۆ ڕەفتاری تاوانکاری دەبات، وەک: دزینی موڵکی گشتی، یان دزیکردن لە فرۆشتنی کاڵا بە شێوەیەکی نایاسایی، فرۆشتنی ماددەی هۆشبەر، بازرگانی ساختە و فێڵ و هەڵخەڵەتاندن (العطيان, 2006, ص:366).

لە توێژینەوەی (شلير علي صالح) لەسەر بێکاری و تاوان، کە لە ساڵی (2017) ئەنجامدراوە، دەرکەوتووە، هۆکاری ئابوری بەتایبەتی پێویستبون بە پارە و نەبونی دەرفەتی کارکردن؛ یەکێکە لە هۆیەکانی ئەنجامدانی تاوان (صالح، 2017، ص:246)، هەروەها لە ئەنجامی توێژینەوەی (ولیەم لۆییز و ئەوانیتر) لە ساڵی (2012) لە شاری دیترویت لە ئەمریکا، دەرکەوت دابینەکردنی دەرفەتی کارکردن بە ڕێگای ڕەوا، تاك

هاندەدات بۆ کاری ناپاسایی، بەمەبەستی دابینکردنی پێداویستییەکانی گوزەرانی ژیان(Lopez *et al.*, 2012, p:257).

هۆکاری ئابوری لە سیستەمە کۆمەڵایەتییەکاندا بە سەردەمێکی جەوهەری دادەنرێت، گرنگترین دیاردە، کە زۆرترین کاریگەریی لەسەر تاوانکاریی تاك هەیە، بۆ هۆکاری ئابوری دەگەڕێتەوە ، لە ئەنجامی بڵاوبونەوەی بێکاری، بەمەش دەبێتەهۆی ئەوەی هەژاریش بڵاوبێتەوە، ئەگەر ڕێگایەکی دروست نەبێت، کە تاک بتوانێت بژێوی ژیانی لە ڕێگەیەوە پەیدابکات؛ بۆ تێرکردنی پێداویستییە ماددییەکانی بژێوی ژیانی، ئەوا بەدوای ڕێگایەکی تردا دەگەڕێت، کە ڕێگای تاوان و تاوانکارییە. بۆیە پەیوەندی لە نێوان بێکاری و تاواندا هەیە، ئەمەش بە ڕەچاوکردنی ئەوەی، کە هەندێکجار بێکاری دەبێتەهۆی هەژاری و دابین نەکردنی پێداویستییەکان بۆ تاک و خێزان، هەروەها زەحمەتی لە بەدەستهێنانی هەمو جۆرە خزمەتگوزارییەک (تەندروستی، پەروەردەیی و خۆشگوزەرانی)، بۆیە ئەم کەسە بێبەشانە بۆ ڕەوتی لادان و تاوانکاریی و دەستدرێژیی بۆ سەر پارە و سامان دەبات؛ بە مەبەستی خاوەندارێکردنی موڵکی کەسانی تر.

لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین ئەگەر بێکاری پاڵنەری ڕاستەوخۆی تاوان نەبێت، ئەوە دەبێتە پاڵنەرێکی ناڕاستەوخۆ یان یارمەتیدەرە بۆ دروستبونی تاوان، بەتایبەت تاوانەکانی دەستدرێژیکردن بۆ سەر پارە و سامان، بەهۆی ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتی، ئابوری و دەرونییە خراپەی لەسەر تاك دروستیدەکات؛ بە دروستبونی هەستی خۆبەکەمزانین، هەژاری، بێزاری و خەمۆکی وای لێدەکات ئامادەیی تاوانی تێدا بێت، لەگەڵ ئەمەشدا تاوانی داراییی بە یەکێک لە تاوانە مەترسیدارەکان دادەنرێت، چونکە مەترسی لەسەر ئارامی کۆمەڵگا و پارە و سامانی تایبەت و گشتی دروست دەکات، ئەمەش وا دەکات لێکەوتەکانی قورس بێت.

## ئەنجامەکانی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە گەیشتە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

1- بەرەوپێشچونی دۆخی ئابوری، وەکو: وەرچەرخانی ئابوری کشتوکاڵی بۆ ئابوری پیشەسازی، کۆچکردن لە لادێکانەوە بۆ شار و، بەرزبونەوەی ئاستی ژیان و، شێوازەکانی ئاڵوگۆڕی بازرگانیکردن و باشبونی گوزەران، دەبنە هۆکاری ڕۆیشتن بۆ شوێنەکانی کات بەسەربردن و ڕابواردن، خواردنەوەی مەی و تێرکردنی غەریزە سێکسییەکان بە ڕێگایەکی ناڕەوا، ئەمەش وادەکات هەندێجار ببنە پاڵنەر بۆ دەستدرێژیکردنە سەر پارە و سامان، وەکو؛ تاوانەکانی فێڵ و هەڵخەڵەتاندن و ناپاکی لە ئەمانەت و دەستدرێژیکردن بۆ سەر مرۆڤ.

2- سیستەمی سەرمایەداری، خۆشەویستی خودپەرستی و بەرژەوەندی تایبەتی لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگا دروست دەکات، بەتایبەتی لە شاردا، بەمەبەستی ئارەزوی بەدەستهێنانی قازانجی داراییی زۆر و گەیشتنە بە ئامانجی ماددی بێسنور، بەم هۆیەوە دەرگای زیادبونی تاوانەکانی دەستدرێژیی سەر پارە و سامان لەلای هەندێك لە تاکەکانی کۆمەڵگا دەکاتەوە، لەهەمانکاتدا هەستی ڕق و قینە لەنێوان چینی کرێکار و سەرمایەدار دروستدەکات، لە ئەنجامدا چینی یەکەم هەندێ کات تاوان دەکات بۆ گەڕانەوەی مافە ماددییە زەوتکراوەکان لەلای چینی دووەم، ڕەنگە لەهەمانکاتدا ڕێژەی تاوانەکانی دەستدرێژیی سەر پارە و سامان لە نێوان چینی سەرمایەدار زیاد بکات، بەمەبەستی زاڵبون بەسەر بازار و بەدەستهێنانی زۆرترین قازانج، ئەمەش هاوشێوەیە لەگەڵ بۆچونەکانی (بونجەر) لە تیۆری سەرمایەداریدا.

3- ناجێگیری دۆخی ئابوری لە داهات و نرخ و بەهای دراو، پاڵنەرێکی ئابورییە بۆ زیادبونی تاوانەکانی دەستدرێژیی سەر پارە و سامان، وەکو؛ دزی، فێڵ و هەڵخەڵەتاندن و ناپاکی لە ئەمانەت، ئەمەش بەهۆی ئەو دۆخە ئابورییە خراپەی، کە دروستدەبێت لە ئەنجامی بەرزبونەوەی نرخی پێداویستییەکان، بەتایبەتی خۆراك، لەگەڵ مانەوەی داهات وەکو خۆی، یان کەمبونەوەی داهات، یان بەهۆی بەرز و نزمی بەهای دراو، لە ئەنجامدا ئەو دۆخانە ژیان و گوزەرانی خەڵك تێکدەدات و ڕێژەی هەژاری و بێکاری لە کۆمەڵگا زیاددەکات، ئەمەش پاڵ بە هەندێك کەسەوە دەنێت بە ڕێگای دزی، فێڵ و هەڵخەڵەتاندن و ناپاکی لە ئەمانەت، گوزەرانیان باشبکەن.

4- هەژاری دەبێتەهۆی لە دەستدانی توانای تاك لە دابینکردنی پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیان، ئەمەش هەندێکجار پاڵ بە هەندێك کەسەوە دەنێت؛ دوای داخستنی دەرگا ڕەواکان لە بەرامبەریان بۆ باشترکردنی دۆخی ئابورییان، پەنا ببەنەبەر ئەنجامدانی تاوانەکانی دەستدرێژیکردن بۆ سەر پارە و سامانی خەڵك، بەمەبەستی دابینکردنی پێداویستییەکانیان، چونکە ئاسەوارەکانی هەژاری؛ دروستبونی هەستی خۆبەکەمزانی، بێزاری و بێهیواییە، لە ئەنجامی لە دەستدانی توانای ماددی لە دابینکردنی پێداویستییەکانی خێزان و لاوازبونی پێگەی کۆمەڵایەتی و تێکچونی باری دەرونی، ئەم ئاڕاستەیەش هەریەك لە (ئەلبێرت کۆهین، کلوارد، ئۆهلن و میللەر) جەختی لەسەر دەکەنەوە؛ کە پێیانوایە ئەگەر مرۆڤ بە ڕێگای ڕەوا و یاسایی نەیتوانی بگاتە ئامانجە ماددییەکانی و پێداویستییەکانی تێربکات و، هەستی بە نادادپەروەریی کۆمەڵایەتی، ئابوری و پیشەیی کرد، ئەوە ڕێگای ناڕەوا و ڕەفتاری تاوانی دەگرێتەبەر، بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی.

5- بێکاری ڕێگایەکە بۆ هەژاری و لەدەستدانی توانای مرۆڤ لە دابینکردنی پێداویستییەکان و لەدەستدانی هیوا ماددییەکانی، ئەمەش دەبێتەهۆی تێکچونی باری دەرونی، لە ئەنجامدا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەخۆ، دەبێتە پاڵنەر بۆ ئەنجامدانی تاوانەکانی دەستدرێژیی سەر پارە و سامان لە دزی، فێڵ و هەڵخەڵەتاندن و ناپاکی لە ئەمانەت، بە ئامانجی چاککردنی دۆخە ئابورییە خراپەکەی و گەڕانەوەی پێگە کۆمەڵایەتییەکەی لەنێو خێزان و کۆمەڵگا و لابردنی هەستی خۆبەکەمزانینەکەی، کە بەهۆی بێکارییەوە دروستبووە.

6- خراپیی دۆخی داراییی هاووڵاتییان و تێکچون و ناجێگیریی بارودۆخی ئابوری لە کۆمەڵگادا، هۆکارێکە بۆ زیادبوونی تاوانەکانی دەستدرێژیی سەر پارە و سامان، ئامارەکانیش ڕاستی ئەم ئەنجامە پشتڕاستدەکەنەوە.

## پێشنیازەکانی توێژینەوەکە:

لەمیانەی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیەدا، ئەم پێشنیازانەی خوارەوە دەخەینەڕو:

1- پێویستە حکومەت زیاتر گرنگی بە چاودێریی هەڵاوسانی نرخی پێداویستییەکان لە بازار بدات، لە ئەگەری دروستبونی ڕەفتاری تاوانکاری و دەستدرێژیی سەر پارە و سامان. بە ئامانجی کەمکردنەوەی تاوان.

2- پێویستە حکومەت چاودێریی تەواو لەسەر بازارەکانی دراو دابنێت، بۆ ڕێگاگرتن لە یاریکردن بە بەهای دراو، بۆئەوەی تاك دور بێت لە تاوانەکانی دزی، فێڵ و هەڵخەڵەتاندن، ناپاکی لە ئەمانەت و ساختەکاریی.

3- بەرزکردنەوەی داهاتی تاکەکەس بۆ خێزانی هەژار و کەمدەرامەت، لە ڕێگەی سیستەمی بیمەی کۆمەڵایەتی، بۆ ئەوەی لە ژیانێکی شایستە بژین و لە مەترسییەکانی ئەنجامدانی تاوانی دزی، فێڵ و هەڵخەڵەتاندن و ناپاکی لە ئەمانەت دوربن.

4- کارکردنی حکومەت، بەتایبەتی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، بە ڕەخساندی دەرفەتی کار بۆ ئەو کەسانەی بێکارن، چونکە دەبێتەهۆی سەرقاڵبونی تاکەکان بە دابینکردنی بژێوی ڕۆژانە، لەبری ئەوەی سەرقاڵی کردەی تاوانکاریی بن.

ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە:

خستنەڕوی هەندێ بابەتی گرنگ بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی بۆ توێژەرانی تر بە مەبەستی خزمەتکردنی زیاتر بە کۆمەڵگا:

1- ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی تایبەت بە داهاتی تاکەکەس و پەیوەندی بە ڕەفتاری تاوانکاریی.

2- بازرگانیکردن و پەیوەندی بە تاوانی ناپاکی لە ئەمانەت.

3- بازاری ئۆنلاین و پەیوەندی بە فێڵ و هەڵخەڵەتاندنی تاکەکان.

4- پەیوەندی بێکاری بە ئەنجامدانی ڕەفتاری تاوانکاریی.

## سەرچاوەکان

ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پۆلیسی هەرێم، (٢٠٢٣) ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پۆلیسی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی ٢٠٢٢. بەردەستە لە https://www.youtube.com/watch?app=desktop&v=mfWavkNvXh4. (لە ٢٠٢٣/١١/٢٧ وەرگیراوە).

بۆکانی، سابیر بەکر. (2002) تاوانبار و سزا. سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

سایتی پارێزگای هەولێر. (2023) ئاماری بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر بۆ ٢٠٢٢. بەردەستە لە: https://www.hawlergov.org/app/ar/node/4527 (لە ٢٠٢٣/١١/٢٧ وەرگیراوە).

گەلاڵی، رزگار محەممەد قادر. (2016) چەند وانەیەك لە تاوانناسی. چاپی پێنجەم. هەولێر: بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی تەبایی.

إبراهيم، أكرم نشأت. (1998) علم الاجتماع الجنائي. الطبعة الثانية. بغداد: مطبعة النيزك.

أبو عامر، محمد زكي. (1993) دراسة في علم الاجرام والعقاب. بيروت: دار الجامعية.

أبوتوته, عبدالرحمن محمد. (2001) علم الإجرام. الطبعة الثانية. اسكندرية: المكتب الجامعي الحديث.

ابوخطوة, احمد شوقي عمر. (1994) شرح قانون العقوبات القسم الخاص. القاهرة. دار النهضة العربية.

أبوعليان، بسام محمد. (2016) الانحراف الاجتماعي والجريمة. الطبعة الثالثة, جامعة الاقصى. منشورات إبي-كتب.

استيتية، دلال ملحس و سرحان، عمر موسى. (2012) المشكلات الاجتماعية. عمان: دار وائل للنشر والتوزيع.

أوتاني، صفاء و السراج، عبود، (2017) النظريات الكبرى في علم الاجرام وعلم العقاب. دمشق: منشورات جامعة دمشق.

براك، فهد أديهم. (2010) دور العوامل الاجتماعية في تحديد أنماط الجريمة في المملكة العربية السعودية - دراسة ميدانية على منطقة حائل. قسم علم الجريمة. جامعة مؤتة. رسالة ماجستير غير منشورة.

بركو, مزوز. (2009) اجرام المرأة في المجتمع – العوامل والاثار. القاهرة. المكتبة العصرية للنشر والتوزيع.

بلال, أحمد عوض. (1992) علم الإجرام-النظرية العامة والتطبيقات. القاهرة. دار النهضة العربية.

بهنام, رمسيس. (1976) الإجرام والعقاب. الإسكندرية. منشأة المعارف.

بيرداود، زانا احمد. (2017) علاقة الخصائص الاجتماعية والبيئية بالسلوك الإجرامي– دراسة ميدانية في إقليم كوردستان – العراق. اطروحة دكتوراه غير منشورة. قسم علم الاجتماع. كلية الاداب. جامعة صلاح الدين-اربيل.

تواتي، قورين. (2017) أثر العوامل الإقتصادية على الظاهرة الإجرامية. رسالة ماجستير غير منشورة. قسم القانون العام. كلية الحقوق و العلوم السياسية. جامعة عبد الحميد إبن بايس مستغانم- الجزائر.

جابر, سامية محمد. (2000) الانحراف والمجتمع. الاسكندرية: دار المعرفة الجامعية.

حبوش, طاهر جليل. (2001) جرائم الاحتيال الأساليب والوقاية والمكافحة. الرياض: مركز الدراسات والبحوث. ال

حبيب, محمد شلال. (2016) بنەماکانی تاوانناسی. وەرگێڕانی: هێمن ئەمین شوانی، هەولێر: چاپخانەی هێڤی.

حسن, يحيى حمود و سلمان, هيثم عبدالله. (2014) أثر الجرائم الاقتصادية على أستقرار الاقتصاد العراقي. مركز دراسات البصرة والخليج العربي. رقم السلسلة (72). جامعة البصرة.

حسني, محمود نجيب. (1977) شرح قانون العقوبات – القسم العام – النظرية العامة للجريمة والنظرية العامة للعقوبة والتدبير الاحترازية. ط5. القاهرة. دار النهضة العربية.

حسني, محمود نجيب. (2005) جرائم الاعتداء على الأموال. طبعة ثالثة جديدة. بيروت. منشورات الحلبي الحقوقية.

حسني، محمود نجيب. (1984) جرائم الاعتداء على الأموال في قانون العقوبات اللبناني. القاهرة: دار النهضة العربية.

حسني، محمود نجيب. (1988) دروس في علم الاجرام وعلم العقاب. القاهرة: دار النهضة العربية.

الحسيني, عمار عباس. (2013) مبادىء علمي الإجرام والعقاب. بيروت-لبنان: منشورات الحلبي الحقوقية.

الحسيني، عمر الفاروق. (2011) مبادىء علم الإجرام و علم العقاب. طبعة خاصة ببرنامج الدراسات القانونية بشعبة التعليم المفتوح. بنها-مصر.

حومد، عبدالوهاب. (1983) دراسات معمقة في الفقه الجنائي المقارن. القاهرة. المطبعة العصرية ومكتباتها.

الخفاجي, راجي محيل. (2009) قياس وتحليل ظاهرة الفقر وعلاقته بالتفاوت في توزيع الدخل في الاقتصاد العراقي للمدة (1987-2007). رسالة ماجستير غير منشورة، كلية الادارة والاقتصاد، جامعة المستنصرية.

خلف, محمد. (1986) مبادىء علم الاجرام. بنغازي: الدار الجماهيرية النشر والتوزيع والاعلان.

خلف، محمد. (1987) مبادئ علم الأجرام، الطبعة الرابعة. مصراته-ليبيا. الدار الجماهيرية للنشر والتوزيع والاعلان.

خليفة، احمد محمد. (1955) اصول علم الاجرام الاجتماعي. القاهرة: مطبعة التألف للترجمة والنشر.

الخولي، سيد فتحي أحمد. (2000) أثر التغيرات الاقتصادية على الجريمة في المملكة العربية السعودية. مجلة جامعة الملك عبدالعزيز: الاقتصاد والإدارة. مجلد(14). العدد(2). ص ص 35-67.

الدوري, عدنان. (1984) أسباب الجريمة وطبيعة السلوك الإجرامي. الكويت: منشورات ذات السلاسل.

رمضان, السيد. (1985) الجريمة و الانحراف من المنظور الاجتماعي. الإسكندرية: المكتب الجامعي الحديث.

زرارة، لخضر. (2014) الجريمة والمجتمع دراسة مقارنة. عمان: دار الوائل للنشر والتوزيع.

زروقي, خولة. (2015) التعليم وتغيير سلوك المنحرف داخل مؤسسة إعادة التربية - دراسة ميدانية بمؤسسة إعادة التربية بورقلة. رسالة ماجستير غير منشورة. قسم العلوم الإجتماعية. كلية العلوم الإنسانية والإجتماعية. جامعة محمد خيضر بسكرة-الجزائر.

زريقات، مراد بن علي. (2007) العوامل الاجتماعية للانحراف - قراءة سوسيولوجية. ورقة عمل مقدمة ضمن أعمال مؤتمر التنمية البشرية والأمن في عالم متغير. الرياض: جامعة الأمير نايف للعلوم الأمنية.

الزواهرة، عمر عبدالله المبارك. (2013) المتغيرات الإقتصادية وأثرها على السلوك الجرمي والانحراف. عمان. دار الحامد للنشر والتوزيع.

زيدان، عصام محمد. (2001) العلاقة بين البطالة والولاء والتطرف لدى خريجي الجامعة. مجلة كلية التربية المنصورة. عدد 46. مايو.

السمري، عدلي محمود. (2011) علم الاجتماع الجنائي. الطبعة2. عمان: دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة.

السمري، عدلي؛ لطفي، طلعت؛ عبدالحميد، آمال و عبدالفتاح، عايدة. (2010) علم الاجتماع الجريمة و الانحراف. عمان: دار المسيرة للنشر والتوزيع و الطباعة.

الشاذلي, فتوح عبدالله. (2009) أساسيات علم الإجرام والعقاب. بيروت: منشورات الحلبي الحقوقية.

شاقور, الطاوس. (2015) الاغتراب النفسي الاجتماعي لدى الشباب المجرم- دراسة ميدانية مقارنة بمؤسسة إعادة التربية والتأهيل بالبرواقية. غير منشورة. قسم العلوم الاجتماعية. كلية العلوم الانسانية والاجتماعية. جامعة محمد خيضر بسكرة.

شمس الدين, أشرف توفيق. (2012) أصول علم الإجرام. الطبعة2. القاهرة. دار النهضة العربية.

الشهراني، عبدالرحمن محمد مفرح. (2004) الخصائص الاجتماعية لمرتكبي جريمة سرقة المحلات التجارية. دراسة ميدانية على السجناء المودعين في سجون مدينة رياض. جامعة نايف العربية للعلوم الأمنية. كلية الدراسات العليا. قسم العلوم الاجتماعية.

صالح، شلير علي. (2017) دراسة تحليلية للعلاقة بين البطالة و الجريمة في محافظة اربيل لعام 2017. المجلة العراقية للعلوم الادارية. المجلد(14). العدد(57). ص ص: 246-268.

طالب، حسن. (1997) علم الاجرام - الجريمة – و العقوبة و المؤسسات الاصلاحية. بيروت: دار الفنون للطباعة والنشر.

العبادي, نضال ياسين الحاج حمو. (2014) الوجيز في علم الإجرام. القاهرة: دار الكتب القانونية.

عبدالستار, فوزية. (2007) مبادىء علم الإجرام وعلم العقاب. الاسكندرية: دار المطبوعات الجامعية.

عبدالستار, فوزية. (2018) مبادىء علم الإجرام وعلم العقاب. الطبعة الثالثة. الاسكندرية: دار المطبوعات الجامعية.

عبدالله, نجية اسحق. (2004) سيكولوجية البطالة. الاسكندرية: المكتبة المصرية.

عبدالله، محمد حامد. (1998) الجرائم الاقتصادية وأساليب معالجتها. الندوة العلمية الواحدة والأربعون. أكاديمية نايف العربية للعلوم الأمنية. ٢٨- ٣٠ سبتمبر. الرياض.

عبدالمنعم, سليمان. (2005) علم الإجرام و الجزاء. بيروت. منشورات الحلبي الحقوقية.

عبدالمنعم، سليمان. (1999) أصول علم الإجرام و الجزاء. الطبعة الثانية. بيروت: المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع.

العطيان, تركي بن محمد. (2006) البطالة و علاقتها بالسوك الاجرامي - دراسة نظرية على المجتمع السعودي. المجلة العربية للدراسات الامنية والتدريب. المجلد 21. العدد 41. ص ص 343-405.

علي، هاني محمد السيد و عبدالفتاح، خالد عيد عبدالمنعم (2021) أثر المتغيرات الاقتصادية والأجتماعية على جرائم الأحداث - دراسة تطبيقية على مصر. المجلة العلمية للبحوث والدراسات التجارية. المجلد(35), العدد(4). ص ص 308-265.

العوجي, مصطفى. (1980) دروس في العلم الجنائي- الجريمة والمجرم. الجزء الاول. بيروت: مؤسسة نوفل.

العوجي, مصطفى. (2017) دروس في العلم الجنائي. بيروت: منشورات الحلبي الحقوقية.

العوجي، مصطفى، (1987) دروس في العلم الجنائي. ج ٢. بيروت: مؤسسة نوفل.

فرج، رضا. (1976) شرح قانون العقوبات الجزائري-الأحكام العامة للجريمة. ط(2). الجزائر: الشركة الوطنية للنشر و التوزيع.

الفواعير, سلوى عبد الحليم. (2017) العوامل المؤدية لارتكاب جريمة السرقة لدى الإناث من وجهة نظر طلبة جامعة البلقاء التطبيقية. مجلة البحث العلمى فى التربية. العدد الثامن عشر. ص ص 319-348.

القاضي, محمد محمد مصباح. (2013) علم الإجرام و علم العقاب. بيروت: منشورات الحلبي الحقوقية.

قانون العقوبات, (1969) قانون العقوبات العراق. رقم 111 لسنة 1969.

القللي, محمود مصطفى. (1943) شرح قانون العقوبات في جرائم الاموال, مصر: مطبعة الاعتماد.

القهوجي, علي عبدالقادر و الشاذلي, فتوح عبدالله. (1999) علم الإجرام و علم العقاب. الإسكندرية. دارالمطبوعات الجامعية.

محمد, أمين مصطفى و عرفة, محمد عبدالحميد. (2016) علم الاجرام و علم العقاب. الإسكندرية: دار المطبوعات الجامعية.

محمد, أمين مصطفى. (2014) مبادئ علمي الإجرام والجزاء الجنائي, الإسكندرية. دار المطبوعات الجامعية.

محمد، امين مصطفى. (2008) مبادئ علم الاجرام - الظاهرة الاجرامية بين التحليل والتفسير. الاسكندرية. دار الجامعه الجديدة.

مردان, عبدالرحمن جري؛ حمد, محمد سمير و كاظم, عباس عبدالحسن. (2017) جريمة السرقة في مدينة البصرة. دراسة في الجغرافية الاجتماعية, مجلة أبحاث البصرة للعلوم الإنسانية, العدد(6). المجلد(42). ص ص 305-322.

المرواني, نايف بن محمد. (2011) جريمة السرقة (دراسة نفسية اجتماعية). الرياض: جامعة نايف العربية للعلوم الامنية.

المشهداني, أكرم عبدالرزاق و البكري, نشأت بهجد. (1997) موسوعة علم الجريمة والبحث الإحصائي الجنائي في القضاء والشرطة والسجون. عمان. دار الثقافة.

المشيخص، عبدالعظيم نصر. (2005) الانحرافات الاجتماعية مشكلات و حلول. بيروت: دار الهادي للطباعة والنشر والتوزيع.

مصطفى, محمد محمود. (1998) الدفاع الاجتماعي والخدمة الاجتماعية المعاصرة. القاهرة. مكتبة عين شمس.

معتوق، جمال. (2014) مدخل إلى علم الإجتماع الجنائي: أهم النظريات المفسرة للجريمة والإنحراف. القاهرة. دار الكتاب الحديث.

المغزلي, سعد و الليثي, السيد احمد. (1967) الفئات الخاصة و أساليب رعايتها – المجرمون. القاهرة: مكتبة القاهرة الحديث.

منصور، أسحق ابراهيم. (2006) موجز في علم الإجرام و العقاب. الطبعة الثالثة. الجزائر. ديوان المطبوعات الجامعية. الساحة المركزية–بن عكنون.

نجم، محمد صبحي. (2006) المدخل الى علم الاجرام و علم العقاب, بيروت: دار الثقافة للنشر والتوزيع.
نعيم, سمير. (2004) إنعكاسات البطالة على المجتمع المصري. ورقة عمل بمؤتمر التغير الاجتماعي في المجتمع المصري. المركز القومي للبحوث الاجتماعية و الجنائية. القاهرة.
الهريش, فرج صالح. (2006) علم الاجرام. الطبعة 2. بنغازي. دار الكتب الوطنية.
الوريكات, محمد عبدالله. (2009) أصول علمي الاجرام والعقاب. عمان. دار الوائل للنشر والتوزيع.
الوريكات، عايد عواد. (2008) نظريات علم الجريمة. عمان-الاردن. دار الشروق للنشر والتوزيع.
الوريكات، عايد عواد. (2013) نظريات علم الجريمة. الطبعة الثانية. عمان: دار وائل للطباعة والنشر والتوزيع.
يوسف، يوسف حسن. (2013) علم الاجرام و العقاب – الكتاب الأول – علم الإجرام. القاهرة: المركز القومي للإصدارات القانونية.

Ahmad, Farhan and Ali, Rabia. (2015) the Motivation for Crimes: Experiences of Criminals from District Jail Karak, Khyber (7). No. (4). PP.16-28.

Bernard, Thomas, J. (1979) Theoretical Criminology. (2nd edition). New York: Oxford University Press.

Bharadwaj, Ashish (2014) is Poverty the Mother of crime? Empirical Evidence of the Impact of Socioeconomic Factors on Crime in India. Atlantic Review of Economics. Vol. (1).

Cloward, Richard and Ohlin, Lioyd. (1960) Deliquency and Opportunity: A theory of Delinquent gangs. New York: free press.

Hall, Jerome. (1960) General Principles of Criminal law, 2nd. Indian Panel Code. Bobbs Merill.

Lopez, William؛ Graham, Louis F؛ Reardon, Caitlin M؛ Matiz, Armando؛ Reyes, Angela and Padilla, Mark. (2012) No jobs More Crime. More Jobs, Less Crime: Structural Factors Affecting the Health of Latino Men in Detroit. Journal of Men s Health. Vol(9). No.(4). pp.255-260.

Miller, Walter. (1958) Lower Class Culture as a Generating Milieu of Gang Delinquency. Jornal of Social Issues. Pp.5-19.

Nietzel, Michael T. (1979) Crime and its Modification: A Social Learning Perspective. New York: Pergamon Press, pp.64-65.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n2y2024.pp31-47